ص:196-223 **المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية**
المجلد (5) – العدد (1) , حزيران 2021
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

# فاكتەری ئەدەبیی لە بەستانداردبوونی دیالێکت لە زمانی کوردیدا

سەعید محەمەد عەبدوڵلا

بەشی ARD ، کۆلێجی زانستە ئەندازیارییە کشتوکاڵییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، عێراق
بەشی شیکاری تاقیگەییە پزیشکییەکان، زانکۆی جیهان- سلێمانی، سلێمانی، عێراق
Email: saeed.abdulla@univsul.edu.iq

**الملخص**

تأتي هذه الدراسة المعنونة (العامل الادبي ودوره في تحويل اللهجة الى الفصحى في اللغة الكوردية) لتلامس الواقع في الوقت الراهن في كوردستان الذي يعاني من التشتت والتقسيم بين دول متعددة والتي بدورها كانت ولاتزال تمارس مختلف الاساليب وبصورة ممنهجة لتذويب أدب ولغة الكورد ولهجاتهم . وفضلا عن التأثيرات السياسية، فان الاختلافات اللغوية والادبية اللهجات اسهمت الى حد ما في إضعاف زخم التيار القومي للكورد. وفي نفس الوقت، فان الكور د استشعروا بأهمية وجود لغة معيارية وأدبية في ازدياد الحس القومي وبناء اهم معالم الدولة القومية. ولذلك تبلورت فكرة ضرورة الالتفات الى اللغة الكوردية وأدبها ولهجاتها وتصنيفها علميا.

**پوختە**

توێژینەوەکەمان بە ناونیشانی (فاکتەری ئەدەبیی لە بە ستانداردبوونی دیالێکت لە زمانی کوردیدا)، پەیوەستە بە مێژووی نەتەوەی کوردەوە، لە بەر ئەوەی زمان وئەدەب گرینگترین فاکتەری مانەوەی کورد بووە، شەڕی لە پێناوی مانەوەدا پێش هەرشتێک. شەڕی زمان بووە. کورد نزیکەی سەدەیەکە بە سەر چوار وڵاتی خاوەن سێ زمان و کەلتووری جیاوازدا دابەشکراوە.

داگیرکردن و دابەشکردنی نەتەوەیی جوگرافی، پاش دەیان ساڵ، جیاوازی قوڵی کەلتووری، کۆمەڵایەتی، ڕامیاری و سایکۆلۆجییە لە نێوان بەشەکانی کوردستاندا پێکهێناوە. لە بەر ئەوەی کورد نەتەوەیەکی زمانییە. سەیر نییە کە جیاوازییەکان. پێش هەر شتێک، لە زمانەکەیدا دەربکەون، یان زمان و ئەدەبی کوردی، خۆی بووبێتە فاکتەرێکی تری دابەشبوون و لێک دابڕانی کەلتووری و ڕامیاری کورد. زمانی کوردی، لە هەر بەشێکی کوردستاندا، لە ڕووی ڕستە بەندی و وشەسازی و واتاسازییەوە، لە ژێر کارتێکردنی زمانی نەتەوەیی سەردەستدایە. لە بەر ئەوەی ئەم کارتێکردنە لە سێ زمانی سەر بە سێ سیستەمی جیاوازی زمانەوە (عەرەبی، فارسی، تورکی) هاتووە، ئەنجامەکەی زۆر سەختتر بووە. چونکە بە هۆیەوە شێوە زمانی پەیڤین و نۆرمی نووسینی کوردی، لە باکوور و باشووری کوردستاندا، جیاوازی زۆرتر بووە و لێکدوور و دوورتر کەوتوونەتەوە.

**Abstract**

This study entitled (the Literary Factors and it's in Converting the Dialect to standard Language in Kurdish) comes to touch the current state in Kurdistan, which suffers from dispersion and division between multiple countries, which in turn have been practicing various methods and in a systematic manner to dissolve the Kurdish language and its dialects. In addition to the political influences, the linguistic and dialectal differences in Kurdish language has contributed to some extent in weakening the momentum of the nationalist movement of the Kurds. At the same time, the Kurds felt the importance of a standard and literary language in fueling nationalism and building the most important features of the nation-state. Therefore, the idea of the need to pay attention to the Kurdish language and its dialects and classify them scientifically has crystallized.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.1.22
this is an open access article distributed under the Creative Commons License CC BY 4.0

ص:196-223
المجلة العلمية لجامعة جيـهان – الـسـليمانية
المجلد (5) – العدد (1), حزيران 2021
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**پێشەکی**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ ناساندنی ئەدەب هاوکات نەبوونی زمانێکی یەکگرتووی ئەدەبی، یەکێک لە تەنگەژە سەرەکییەکانی فێرکردن و بڵاوکردنەوەی زمانێکی نەتەوەییە لە ئاستی سەرانسەری کوردستان بە تایبەتی لە کوردستانی ڕزگاردا. لە چەند دەیەی ڕابردوودا لەگەڵ دامەزراندنی پارت و ڕێکخراوە سیاسیەکانی کورد، هەبوونی زمانێ ئەدەبی یەکگرتوو لە ئاستی هەموو کوردستان وەک یەکێک لە سەرەکیترین هێماکانی نەتەوەو بنەمایەکی پێویست بۆ وروژاندنی هەستی نەتەوایەتی باس و خواسێکی زۆر لە نێو کۆڕو کۆمەڵی ئەکادیمی و سیاسییەکان دروست بووە. بەشێکی زۆر لەو کەسایەتییە سیاسی و ئەدەبی و ئەکادیمیستییەکان بە تایبەت لە کوردستانی باشووردا. دیالێکتی (کوردی ناوەڕاست) وەک زمانێکی ئەدەبی یەکگرتوو دەرەخسێنن.

بەڵام کوردەکانی کوردستانی ڕۆژئاوا، باکور زۆر لە کرمانج زمانەکان بەهۆی فرەیی و پانتایی جوگرافیایی کرمانجی وەک زمانی ئەدەبی یەکگرتوو بە باش دەزانن . لەلایەکی ترەوە هەورامی کەڵهور زمانەکانی کوردستانیش هەست بە پەراوێز خستنی زارەکەیان لە ئاستی سەرانسەری کوردستان دەکەن بەڵام دەکرێت دەرفەتی کرانەوەیەکی ئەوتۆی بەرووی خۆیاندا برەخسێنن کە پێوەندی و تێکەڵاوی خەڵکی سەر بە هەموو زاراوە جیاوازەکان لەگەڵ یەکتر، پێویستی زمان یان دیالێکتێ زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی بهێنێتە ئاراوە. پێویست بوونی زمانێکی یەکگرتووی کوردی لەو دەمەوە سەری هەڵداوە کە داواو نیازە زمانییەکانی خەڵک پەرەی سەندووە و، زمانی کوردی کارکردێکی نوێی نوسراو و ئەدەبی ( شیعریی ) وەرگرتووە. جگە لەوەش بوونی زمانێکی یەکگرتوویی تاقانە بۆ نوسین، کاری میدیایی و، فێرکاری و تەنانەت کاروباری کارگێڕی و دادوەری و یاسایش نزیک دەکاتەوە. ئەمە لە ئێستادا تەنیا سیاسەتێکی زانستیانەی تۆکمەی زمانی یەکگرتووی ئەدەبی دیهێنێتە دی .

**١ ـ هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە**

توێژینەوەکە لە سۆنگەی ئەو واقیعەوە سەرچاوەی گرتووە کە بە تێپەڕبوونی کات و سەر هەڵدانی داهێنان و پێشکەوتنەکان ئەدەب و زمان گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەمەش لەسەر بنەمای یەک ڕیزیی تەبایی نەتەوەیە. هەر بۆیە زمان و ئەدەب پێناسەو بنەرەتی نەتەوەیە، (خوێنە لە ڕەگ دا) و (هێزە لە لەشی نەتەوەدا)، یان باشترە بڵێین هەموو لایەنێکی نەتەوەیە ئاشکرایە ئەگەر زمان و ئەدەب نەبێت هەموو کایە گرنگەکانی ژیان دەوەستن و مەترسی دروست دەکات.

**٢ ـ ئامانجی توێژینەوەکە**

توێژینەوەکە بە دوای پرسی زیندووی زمان و ئەدەبدا دەگەڕێت و دەیەوێت، خەسڵەتی بنچینەی خۆی لەدەست نەدا چونکە زمان تەنیا کەرەستەی پێوەندی نییە، بەڵکو فاکتەری ئەدەبی بەشێکی میراتی زیندووی نەتەوەیە، هاوکات زمان وئەدەب ئامرازی دەربڕینی بیرو بۆچوون و ڕاگوێزی بیری تاکێ بۆ تاکێکی ترە، بۆیە تازمان هەبێ نەتەوە نافەوتێ بەڵام بە فەوتانی زمان وئەدەبی نەتەوە لە هەموو تایبەتمەندییەک دەوەستێتەوە و ڕیز بەڕێز دەیانمرێنێت.

**٣ ـ میتۆدی توێژینەوەکە**

لێرەدا هەوڵدەدرێت بەسوود وەرگرتن لە میتۆدی (وەسفی- پەسنی) لە چوارچێوەی توێژینەوەی (کوالیتەیتیف) یان چۆنایەتی دواجاریش هەوڵی بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە بدرێت پاشان بە تێگەیشتنی هاوچەرخ دیدگا دەخرێتە ڕوو.

**٤ ـ پلانی توێژینەوەکە**

پلان یان نەخشەی توێژینەوەکە بەو جۆرە داڕێژراوە کە خزمەت بە ئامانجی توێژینەوەکە بکات و ڕوونی بکاتەوە، واتە توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم، تەوەرەی یەکەم، باسی چەمکی گشتی و گرنگی زمان، وەک و بنەمایەکی سەرەکی نەتەوە بایەخی پێدراوە. پاشان باسی زمان و ئەدەبمان کردووە لە ڕووی ئابووری و سیاسی و ئایینییەوە، چونکە چارەنووسی هاوبەشیان هەیە. لەبەشی دووەم، تەوەرەی یەکەمدا، باس لەهزری نەتەوەیی و بوونی فاکتەری ئەدەبی وهزری فەلسەفەی ئەدەبی لای شاعیرانی کلاسیك و نوێ وهاوچەرخکراوە، هەروەها شیعرو گۆرانی و هونەری مۆزیکمان کردووە وشرۆڤەی جیاوازی لێکەوتۆتەوە، پاشان هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەمان بۆ زمانی ئەدەبی یەکگرتوو کردووە جگەلەوەش کوردی ناوەڕاست کە هەوێنەکەی شێوە زاری سلێمانی بوو،بەومانایەی زمانی ئەدەبی قوتابخانەی شیعری بوو سەدەیەك زیاتربوو بەبەردەوامی پێی دەنوسرا، لەسەردەمی فەرمانڕەوایی حکومەتی شێخ مەحمود زمانی فەرمی ئەو ناوچەیە بووە، هەروەها زمانی


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.1.22
this is an open access article distributed under the Creative Commons License CC BY 4.0

حکومەتی قازی محەمەد بووە لەمەهاباد پەرەی سەندووە، سەدان گۆڤارو رۆژنامەی پێدەرچووەودەرئەچێت لەبیستەکانی سەدەی رابردووەوە زمانی خوێندنە لە قوتابخانەکاندا.

بۆیە شیعری شاعیرانمان بەنموونە وەرگرتووە لەکلاسیکەوە تاکو شاعیرانی هاوچەرخ بۆ ئامانجی توێژینەوەکە.

## بەشی یەکەم: گرنگی ئەدەب و زمان

ئەدەب پێکهاتەیەکی زمانەوانی قەشەنگە، کە هزرو ئەندێشەیەکی جوان وکاریگەر لە فۆرمێکی سەرنجراکیشدا پێشکەش خوێنەر یان بیسەردەکات، بەمەبەستی سازکردنی جیهانێکی ئەفسوناوی دوور لە کێشەو گرفت ، یاخود کێشە خودی و کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتیەکان بەزمانێکی تایبەت وبونیادێکی هونەرییانە دەخاتە ڕوو.

### تەوەرەی یەکەم

### 1-1 چەمکی گشتی و گرنگی زمان

(زمان وەکو یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی نەتەوە هێماو نیشانەی ناسینەوەی نەتەوەیە، بایەخدان بەو هێماو نیشانەیە پیشاندەری ڕادەی ئاستی بەرزی هۆشیاری کۆمەڵایەتی ئەو نەتەوەیە چونکە زمان خەسڵەت و تایبەتمەندی نەتەوە هەڵدەگرێت.)[1]

بۆیە هەبوونی زمانێکی ستاندارد و ئەدەبی لە ئاستی هەموو کوردستان ، وەک بنەمایەکی پێویست لە پێناو ورووژاندنی هەستی نەتەوایەتیی و بنیاتنانی یەکێک لە سەرەکی ترین هێماکانی نەتەوە بە پێویست زانرا، بۆیە دەتوانرێت لە ڕێگەی زمانەوە هەنگاو بنرێت بۆ ڕەسەنایەتی و بەڵگەی کۆنی مێژوویی هەموو نەتەوەیەکی ئەم جیهانە، زمان هۆکارێکە بۆ لێکترگەیشتن لەڕوانگەی کۆمەڵایەتی ودەروونی ونەتەوەییەوە، ئەو هۆکاریە کە کۆمەڵێکی دیاریکراوی مرۆڤ پێکەوە دەبەستێتەوەوئەم پێکەوەبەستنەش کلتورێکی تایبەت بەوان دێنێتە کایەوە ، ئەمەش وادەکات پابەندبوونێکیان تێدا دروست بکات و ئامادەییان تێدا بهێنرێتە کایەوە، هەر بۆ ئەوەی لەپێناوی کاربکەن و بیپارێزن نەهێڵن هێزی دەرەکی بیسڕێتەوە. جا ئەو زمانە ئەدەبیە یەکگرتووە هاتنە ئارابوون وکارابوونی بەو واتایە نیە کەخەڵکی سەربەزارو شێوە زارەکانی تر واز لەشێوە زارەکانی خۆیان بهێنن و قسەی پێنەکرێت ، بەڵکو تەنیا ئەو مەبەستە کە دەبێت زمانە ئەدەبیە یەکگرتووەکە لەبواری خوێندن وڕاگەیاندن وبوارە فەرمییەکاندا بەکار بهێنرێت، نەك هەرناوچەیەك بەشێوە ناوچەییەکەی خۆی بخوێنێت وبڵاوی بکاتەوە.

**حاجی قادر دەڵێت:**

موهەلەل ، ئەردەشێرو دەیسەمەی شێر

قوباد وبازو میری ئەردەڵانی

ئەمانە پاکیان کوردن نهایەت

لەبەر بێ دەفتەری وون بوون و فانی

کتێب و دەفتەر کاغەز

بە کوردی گەربنوسرایە زوبانی

مەلاو شێخ و میرو پادشامان

هەتا مەحشەردەما ناونیشانی)[2]

[1] ڕەفیق شوانی ،زمانەوانی ، کۆمەڵێک وتار ، دەزگای موکریان، هەولێر ٢٠٠٩، ل٢٥

[2] سەردار حەمید میران ،وکەریم مستەفا شارەزا، دیوانی حاجی قادری کۆیی، پێداچوونەوەی : مامۆستا مەسعود محەمەد، سنە، 2707، ل148.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.1.22
this is an open access article distributed under the Creative Commons License CC BY 4.0

المجلد (5) – العدد (1), حزيران 2021
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

ئەم سەرەنجەی حاجی بەکاریگەری فیتی داگیرکەران، زمانی کوردی فەرامۆش دەکەن و لەبیریان دەچێتەوە، لەبەرامبەریشدا حاجی وشیاری نەتەوەیی بڵاو دەکاتەوە. هەوڵی پاراستنی زمان و ئەدەبی کوردی دەدات بەرامبەر بەداگیرکەران.

(ئەگەر ئەم لایەنە وەکو مێژوویەکی تۆمار کراو نەبوایە زانایانی زمان و کۆمەڵناسان و مێژوو ناسان نەیان دەتوانی لەم ڕووەوە زۆر بڕیاری ساغکردنەوە بدەن)[3]

گرنگی زمان بۆ درووستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی بە ڕادەیەک کە دوابەدوای دەوڵەتی نەتەوەیی لە ئەوروپا لەسەر بنەمای زمانە نەتەوەییەکان چەقی بەستوو زۆرێک لە وڵاتانی ئەوروپی لە نەخشەی داڕێژراوی ئەو کاتەدا بەناوی زمانەکەیانەوە دەناسران

ڕەفیق سابیر دەڵێت: (زمانی ستاندارد لەبنەڕەتدا ئەو زمانە ئەدەبییەکگرتوەیە ، کە لە قۆناغێکی مێژوویی ژیانی نەتەوە دەردەکەوێت ، هۆی زمانی نەتەوە لە زمانێك لە خۆیدا دەگۆڕێت بەزمانێك بۆخۆی کە زمانی پەیڤینەوەدەبێت بەزمانی نووسین)[4]

کەواتە زمان ناسنامەی میللەتە مانی بەمانی زمانەکەیەتی لە پرۆسەی دروستبوونی زۆربەی زمانەکانی دنیادا،هۆکاری سیاسی نەتەوەیی پێش دروستبوونی دەوڵەت ڕۆڵی سەرەکی بینیوە لەدروستکردنی هەل و مەرج وئەرکی ئایدۆلۆژی و سیاسی و ستاندارکردنی زمان و دوای دروستبوونی دەوڵەتیش سیاسیەت وپشتگیری دەڵەوت و دەزگاو دامەزراوانەی دایانا دەمەزرێنێت یان پشتیگیر دادەمەزرێنێت ، ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە پێگەیشتن و چەسپاندنی زمانی ئەدەبی یەکگرتوودا.

عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ دەڵێت:(زمان هۆی بەستنی ئادەمیزادە بەکۆمەڵەوە، زمان لە کۆمەڵدا پەیدا دەبێت)[5] ، هەربۆیە یەکەم هۆکاری کە کوردی پاراستووە زمانەکەیەتی، چونکە زمانی کوردی، زمانێکە ڕەگی قوڵی هەیەو کۆنەو نافەوتێت و هەرئەو زمانە ڕەگەزی مانەوەیەتی ، هەوڵیش زۆردراوە بۆ لەناوبردنی ئەم زمانە، لە ئێستادا لە تورکیا قەدەغەبوو بەکوردی قسەبکەیت لە ئێرانیش تاکو ئێستاکە ڕێگە نەدراوە کە بەزمانی کوردی بخوێنێرێت.

**2-1 پانتاییبوونی زمانی ستاندارکردن**

مەبەست لە ستاندارکردنی دیالێکتێك کە تایبەت بە پرۆسەیەکی مێژویی دیاریکراو؛ کەمال میراودەلی دەڵێت:

1- پێوەندی مێژوویی و جوگرافی ئەو دیالێکتە بەدیالێکتەکانی ترەوە.
2- شوێنی جوگرافی دیالێکتەو پێوەندی بە ئەرکی بونیەوە واتە ئەرکە سیاسییە دەسەڵاتیەکە، بۆنموونە زۆردیالێکت کە دەبنە زمانی ستاندارو دیالێکتی پایتەخت یان ناوچە، یان شارێکی پێشکەوتووترن.
3- پانتایی کۆمەڵایەتی و کەلتوری دیالێکتیکە.
4- پانتایی مێژوویی بەکارهێنانی پێشین تێکستی ئاینی ، ئەدەبی .. تاد.)[6]

ئەوەش دیارە کە ئێستاش لەوناوچانەدا کە بە کوردی ژوورو ئەدوێن، بەرامبەر بەمەلا یان مامۆستا وشەی سەیدا بەکاردێت، (خانی) لەچەند شوێنێکدا وشەی مەلا بەکاردەهێنێت لە هەندێك شوێندا مەولا دەنوسێت، بۆنموونە:

عقیدا ستی مەکە کرد ل تاژ دین

ئیجابە ئەڤە قوبول ئامین

هەرچی کو وەکیلە بیت و ڕوودونێت

مەولاکی بە خوتبەیی بخووێنێت)[7]

---

[3] هەر ئەو سە رچاوەیە ، ل٢٦
[4] کامل عمر، زمانی ستانداردی کوردی، چاپخانەی کارۆ ،سلێمانی، 2017، ل94.
[5] کامل عمر، زمانی ستانداردی کوردی،ل45.
[6] کامل عمر، زمانی ستانداردی کوردی،ل53.
[7] د. عیزەدین متسەفا ڕەسوڵ ، مەلای جزیری، شتێك دەبارەی ژیان و بەرهەمی ، چاپخانەی دار الحکمە، هەولێر،1990،ل20.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.1.22
this is an open access article distributed under the Creative Commons License CC BY 4.0

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (5) – العدد (1) , حزيران 2021
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

عەلادین سوجادی دەڵێت: (مەلای جزیری لەم شیعرەدا باسی ئەوەدەکات، ئەگەر شیعری نایابی غەرامیاتی من ببێت تۆ چیت داوە لەوە بچیتە شیراز بە شوێن شیعری حافزدا بسوڕێیتەوە:

گەرلوئلوئی مەنسوور ژنەزمی، تە دەخوازی

وەر شیعری مولێ بین تەب شیراز چ حاجەت )[8]

کەواتە جزیری ویستوویەتی ئەو داهێنانەی شیعری فارسی گەیشتوویەتی بهێنێە زمانی کوردیەوە، شاعیر لەوەدا سەرکەوتوو بوو کەزاراوەکانی فارسی عەرەبی بەکارهێنانە ڕەوانبێژەکانی ئەدەبیاتی ڕۆژهەلات بەگشتی تێکەڵ بە کۆمەڵێ وشەی کوردی بکات، کەلەشیعردا بەکارهاتوون و بەشیعری کوردی دایانڕێژێتەوە.

عزەدین مستەفا ڕسوڵ دەڵێت: مەلای جزیری داوا لە میللەتەکەی دەکات کە شیعری جوانی ئەو زمانی میللیان بکەن بەبەردارو جێگیرو هاوتای شیعری حافزو سەعدی شیرازی ببن ،کەلەناو کورددا بڵاون).[9]

ئەمەش ئاماژە بۆ گەلاڵەکردنێکی ڕەسەنە بۆ زمان، سەرەتاییەکی ڕاستین بۆ تایبەتمەندی زمانی کۆمەڵگە، هەربۆیە شاعیر دەیەوێت واتای زمانێکی داهێنەر لەجۆری بیرکردنەوەی واتایی زەمەنی و واتای گشتی دەچێتە دەرەوە، یاخود بەهۆی واتای زەمەنی و گشتییەکەوە جیهانێکی تایبەت بۆخۆی دروست دەکات ، چونکە پایەبەرزی شاعیرو هەرنەتەوەیەکیش بەزمانە تایبەتییەکەیەوە بەندە.

(تایبەتمەندی بنەڕەتی دیالێکتی زمان ئەوەیە دیالێکتێکە لە ناو زماندا ڕۆڵێکی ناوەندی دەگێڕێ و هەموان توانای قسەکردنیان پێی هەیە)[10]

کەواتە تۆوی زمان لە وڵاتێکدا دەڕوێت کە کۆمەڵێک دیالێکت و زمانی هاوڕیشە لە پرۆسەیەکی مێژوویدا پێکەوە ژیابن و چارەنووسیان هاوبەش بێت و ئەو زمانە ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگە بێت لە بواری ئابووری، سیاسی ئاینی و فەرهەنگی کە پێویستی هەبوونی دیالێکتێکی هاوبەش دەردەخات، بۆ وێنە گەلی کورد بە درێژایی هەزاران ساڵە خەڵکەکەی بە دیالێکتی جیاواز و ئاین و ئاینزای جیا پێکەوە ژیاون و چارەنووسی ژیانیان لە هەموو بوارێکدا هاوبەشە، کە هەر چەشنە هەوڵدانێک بۆ درز خستنە نێوانیان و جیاکردنەوەیان لەیەکتر (وەکو ئاو لەهاوەن کوتانە)[*].

کورد تائێستا زمانێکی ئەدەبی یەکگرتووی ئەوتۆی نیە کە لەسەرتاسەری کوردستاندا لە نووسین و خوێندندا بەکاربهێنرێت، ئاشکرایە دابەشکردنی کوردستان و ئەودۆخە مێژوییە سەختەی سەدان ساڵە کورد تێی کەوتووە هۆکارێکی گرنگی دابەشبوونی زمانی و کلتوری کوردبوون.

لە نێو نەتەوەیەکی هاوڕیشە دا فاکتەری پێوەری زمان زنجیرەی پێوەندییەکان پتەوتر دەکات و ئاستی وشیاری نەتەوەیی بەرز دەکاتەوە.

فەرهاد شاکەلی دەڵێت:

(بەزمانێک دەتوانین بڵێین ستاندارد یان هاوبەش کەئەم قۆناغانەی تێپەڕاندبێت)

١- هەڵبژاردنی شێوەیەک ، واتە هەڵبژاردنی یەکێک لەدیالێکتەکانی زمانەکەوەک بنەڕەت ، وەک نۆرم.

٢- کۆداندن (واتەبەکۆدکردنی) ئەو شێوەیە تا ئەو ڕادەیەی کەجیاوازییەکان لەپلەی هەرە کەمتریندا بن.

٣- فراوانکردنی بوارەکانی بەکارهێنانی زمانەکە، واتە لە بوارەکانی زانستی و ئەدەبی و ڕۆژنامەگەری و تەکنیکییەکاندا بخرێتە گەر.

---

8 هەرئەو سەرچاوەیە ، ل20.

9 د.عزەدین مستەفا رسول، ئەحمەد خانی شاعیر و بیرمەندو فەیلەسوف وسۆفی، سلێمانی، 2008،ل100.

10 - با با شێخ حسینی، بردانش هاشمی، زبانشناسی، نشرژیار سنندج ١٣٨٣، ل٦١

* - ( ووتەیەکی فارسییە)

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.1.22
this is an open access article distributed under the Creative Commons License CC BY 4.0

المجلد (5) – العدد (1), حزيران 2021
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

٤- پەژیرتن (قەبولکردن) لەلایەن کۆمەڵەوە.)[11]

واتە کۆمەڵێکی بەکارهێن ڕازیبن و بەکاری بهێنن بۆیە هەر زمانێک بۆ ئەوەی بگاتە ئاستی زمانی ئەدەبی یەکگرتوو دەبێت بەهۆی چەند هۆکارێک کەزۆرتر سیاسی و کۆمەڵایەتی و یان بە هۆی نوسینی ڕێزمان، ڕێنووس و فۆنەتیک، یان کۆکردنەوەی شێوازی وشە، لێرەوە ئەم شێوە زمانە سەقامگیر دەکەن، دەکرێت ببێت بەزمانی فەرمانگە و فێرگە و داموو دەزگای یاسایی و فەرهەنگی، لێرەوە لەم قۆناغەدا زمان لەبواری پێکهاتە و شێواز و وشەوە بەرە و دەوڵەمەند بوون دەچێت زۆرتر پەرەدەسێنێت.

### 3-1 گرنگی زمانی هاوبەش

لەزۆربەی ئەو وڵاتانەی کە تێکەڵاوییەکی کەلتووری و فەرهەنگیان هەیەو لەبواری زمانی دا جۆراو جۆری لەئاستی نەتەوەیی بەدی دەکرێت، بۆ پاراستنی یەکێتی نەتەوەیی و خاک ، یەکێک لە شێوە زمانەکان وەک زمانی هاوبەش هەڵدەبژێردرێت.
بۆگەیشتن بەم ئامانجە پیرۆزە بێت یەکێتییەکی پتەوی هەبێت و زمانی هاوبەش ڕۆڵێکی یەکجار گرنگ لەم یەکێتیەدا دیاری دەکات، بۆنموونە، هەرئەو زمانە هاوبەش بوو لەسەردەمی شێخ مەحمود سۆزو دلسۆزی و سەرنجی جەماوەری کوردی کوردستانی ڕۆژهەلاتی بۆلای ڕادەکێشاو هەرئەم زمانە هاوبەش بوو هێز و وەفاداری بۆلای کۆماری مەهاباد دەهێنا، کاریگەری ئەم زمانە هاوبەشە هەربەهێزی خۆی ماوە، هەربۆیە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات بەچاوێکی پڕ لەهیواوە بۆحکومەتی هەرێمی کوردستان دەڕوانن.

ئیسماعیل بێشکچی دەڵێت :- (ئەگەر زمانێکی هاوبەش لەوڵاتێکی چەند زمانی یان چەند زاراوەیی وەک (کوردستان) نەبێ لە درێژخایەندا، ئاستی هەستی نەتەوایەتی بەشێوەیەکی بەرچاو دادەبەزێ و هەستی عەشیرەیی و ناوچەگەری جێگەی دەگرێتەوە، لەسێبەری سیستەمی عەشیرەگەریدا ئەگەری پێکهێنانی وڵات یەکەیەکی سیاسی بەدەگمەن دەرەخسێت، چونکە هۆز و عەشیرە بەستراوەتەوە بە پێداویستییە بچوکەکانییەوە و ئەم پرسە بەردەوام جۆرێک لەهەڵچوون و پێکدادان لەنێوان هۆزەکاندا پێکدەهێنێت)[12]

کەواتە هۆی لاواز بوونی هەستی نەتەوەیی کۆسپێکە لەبەردەم دارشتنی پلان بۆ سازدانی زمانێکی یەکگرتوو لەناو گەلی کورد دا ، زاڵبوونی هەستی ناوچەگەری دیالێکت خوازییە بەسەر هەستی نەتەوەییدا، ئەم شێوە تێروانینە لە ئاکامدا هەستی نەتەوەیی لە بەرامبەر بەرژەوەندی هۆزەکی و ناوچەییدا لاواز دەکات و پرۆسەی قوڵبونەوەو ناسیۆنالیزم بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا توشی کز بوون و دابەزین دەکات ، چونکە زمانی ئەدەبی یەکگرتوو بۆ ڕەوشی سیاسی کورد بەهێندەی دۆزەکەی پێویستە هەربۆیە چۆن کاردەکرێ بۆدۆزی نەتەوەی کورد، دەبێت ئاوهاش کاربۆ زمانی ئەدەبی یەکگرتوو بکرێت و دەسەڵاتی کوردی بوێری ئەوەی هەبێت خۆی لە هەژموون و بەرژەوەندی عەقڵیەتی خێڵەکی خۆی ڕزگاربکات، چونکە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی فەرامۆشکردنی پرۆژەی زمانی ئەدەبی یەکگرتوو کاریگەری عەقڵیەتی خێڵەکییە، کەهێشتا تارامایی بەسەردام دەزگای حکومەت وپارتی کوردییەوە دیارە ، لایەنێکی تر زمانی ئەدەبی یەکگرتوو ، زمانی خوێندن و ئەدەب و فەرمی دەسەڵاتی سیاسییە.

### 1-4 بوونی زمانێکی یەکگرتوو لەئاستی نەتەوەییدا

زمان پرۆسەیەکی بەردەوام و ناکۆتاییە، گەلی کورد لەباشووری کوردستاندا بە دڵنیاییەوە پێویستی بە زمانێکی ستاندار هەیە، ڕەفیق سابیر دەڵێت:(دەوڵەتی بێ زمانی ڕەسمی و ستاندار وەك وڵاتی بێ ئاڵا و سنورەوایە).[13]
زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی سەلماندوویەتی کە دەتوانێت، بناغەی دروست و پتەوبۆ زمان دابنێت ، کەس ناڵێت ئەو زمانە ئەدەبیە کەم وکورتی تێدا نیە، یان هەموو ئەو تایبەتمەندیانەی تێیدا خەملیوە ، کە بۆزمان وئەدەب گرنگن بەڵام زمانێکە لە مێژوویی هەشتا ساڵی دواییدا پیشانی داوە کە زمانێکی زیندوو پڕ بەرهەمە و دینامیکیەتی گەشەکردن و پێشکەوتن وگۆرانکاری تێدایەو دەتوانێت لێهاتووانە زمانی داهاتووش بێت، هەربۆیە ناسینی زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی(کوردی ناوەڕاست) وەك زمانی ستاندارد بخەملێنرێت. بەهیچ جۆرێك بەمانای لاوازکردنی دیالێکتیەکانی دیکە نیە، دەتوانین پێکەوە ، بەشداری پێشخستن و کامڵبوونی ئەو دیالێکتیکە بکەین ، ئاسۆی پێشکەوتنی دیاری بکەین، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە بڕیارێکی سیاسی لەوبارەیەوە بدرێت. سیاسەتی زمانی بەشێکی گرنگی سیاسەتی نێوخۆی هەرحکومەت و دەوڵەتێك پێکدێنێت، زۆر نەتەوە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی

[11] - فەرهاد شاکەلی، زمانی کوردی، لە ئاستانەی سەردەمێکی تازەدا، دەزگای چاپ و پەخشی ئاراس، هەولێر، ٢٠١١، لا ١٠٣.
[12] - اسماعیل بێشکچی، کوردستان، کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتی، وەرگێرانی حەمە ڕەشید، سلێمانی، ٢٠٠٢، لا ٢٦٤ – ٢٦٥.
[13] کامل عمر، زمانی ستانداردی کوردی،ل96.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.1.22

this is an open access article distributed under the Creative Commons License CC BY 4.0

نەتەوەیی دەیان ساڵ هێز و تواناکانی دەوڵەت و توانا ولێهاتوویی زانایانی زمان و سامانێکی زۆریان بۆ پێکهێنانی زمانی ئەدەبی یەکگرتوو بە ستانداركردنی تەرخان کردووە. ئێمە لەباشوری کوردستاندا تارادەیەك زمانێكی ئەدەبی یەکگرتووی چەسپاومان هەیە، کە بەلای کەمەوە لەدوای شەڕی یەکەمی جیهانی ودامەزراندنی حکومەتی شێخ مەحمود، لێهاتووانە رۆڵی زمانی ستانداردا دەبینێت، هەربۆیە رەفیق سابیر دەڵێت:(پرۆسێسی پێکهێنانی ئەدەبی یەکگرتوو بەستانداردکردنی لە زۆربەی وڵاتاندا شانبەشانی دروستکردنی نەتەوەو چەسپاندنی دەوڵەتی نەتەوەیی و دەزگاکانی رۆیشتووە، ئەم پرۆسیسە لە هەندێ وڵاتدا دەیانساڵی خایاندووە، بۆنموونە لەساڵی 1790دا تەنیا لە 10%ی خەڵکی فەرەنسا زمانی ستانداردی فەرەنسی زانیوە، دواتر ساڵی 1873دا هێشتا زیاتر لە چواریەکی هاوڵاتیانی فەرەنسا لە زمانی ستانداردی فەرەنسی نەگەیشتوون)[14]

فوئاد حمەخورشید دەڵێت :

(پاش ڕوخانی ئیمپراتۆری میدیا لەساڵی (٥٥٠) پ.ز، ئیتر بۆ کورد هەل نەڕەخسا هەتا دەسەڵاتیکی ڕامیاری پێکەوە بنێت و زمانەکەی لە پەرتووبڵاوی و دابەشبوون بپارێزێت. بەڵکو لەو ڕۆژگارەوە کەوتوتە ژێر دەسەڵاتی بێگانە کە هەرگیز گوێیان بە چارەنووسی ئەم زمانە نەداوە. ئەم بارودۆخە ڕەنگدانەوەی خراپی هەبووە لەسەر زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی، چونکە هۆزە کوردەکان پاش لەدەست چوونی دەسەڵاتی باوکایەتی کە هەموویانی دەپاراست، لەسایەی باری نوێوە گۆشەگیر بوون و لەیەک جیابوونەوەو ڕێگەخۆش بوو بۆ ئەوەی هەر سەرۆک هۆزێک بەر پرسیارێتی پاراستنی هۆزەکەی لەئەستۆ بگرێت و کارتێکردنی دەسەڵاتی بێگانە بپارێزێت. ئەمەش فاکتەرێک بوو کە هەر هۆزیک زمان و نەریت و سەربەخۆیی لەسنوری ناوچەی خۆی دەپاراست.)[15]

لێرەوە ئەوە دەردەکەوێت کە بڵێین لە ڕوانینێکی گشتی و بەچاو خشاندنێکی مێژوویی، ئەو ئاستەنگانەی کە بۆتە لەمپەڕ لە پێکهاتنی زمانێکی یەکگرتوودا بریتین لە:

**أ - هۆکاری ڕامیاری**

دابەشبوونی کوردستان لەنێوان چەند دەوڵەتی نەتەوەییدا، یەکێک بوو لە گرنگترین ئەو ئاستەنگانە کە بە درێژایی چەند دەیەی ڕابردوو بەربەستێکی پۆلاین بووە لە بووژاندنەوەو دۆزینەوەی فەرهەنگی و زمانی لەناو گەلی کوردا.

گەلی کورد بەدرێژایی مێژوو زمانی ئەدەبی هەبووە، ئەم زمانە جۆرێك بوو لە زمانی نووسینی شیعری ئەو سەردەمەی دیالێکتەکانی زمانی کورد، بەو واتایەی ئەم دیالێکتانە بەدرێژایی رۆژگار تووشی چەندین هەڵکشان و داکشان هاتوون. بەهۆی ئەوەی هەریەك لە مانە لەسەردەمێکدا بووەتە زمانی نووسین وئەدەبیات، بەو واتایەی لەسەردەمی هەرمیرنیشن و حکومەتێکی کوردیدا دیالێکتی شارو ناوچەیەك کراوەتە زمانی نووسین وئەدەبیات، بەنموونە لە مێرنیشینی بۆتاندا شێوەی بۆتانی لەدیالێکتی سەرووی زمانی کوردیدا بۆتە زمانی نووسین ولەسەردەمی میرنیشنی باباندا شێوەی سلێمانی لە کوردی ناوەراستدا بۆتە شێوەی نووسین و ئەدەبیاتی میرنیشنەکە لەسەردەمی میرنیشنی ئەردەلاندا شێوەی گۆران سەربەدیالێکتی هەورامی کراوەتە زمان و نووسین وئەدەبیات ، لەسەردەمی حکومەتی مەرکەزی عێراقدا زمانی کوردی شێوەی سلێمانی سەربە دیالێکتی کوردی ناوەراست کرابووە شێوەی فەرمی زمانی کوردی لەناوچە کوردییەکانی سەربە ناوچەی ئۆتۆنۆمیی.

ئەگەر بێنە سەر رۆژگاری ئەمرۆش ئەوە دەبینین تەنیا لە باشووری کوردستان هەلێکی زێرینی بۆ سازبووە بۆئەوەی ببێتە خاوەنی زمانی ستاندارد بەو واتایەی کوردی ناوەراست لە کوردستانی عێراق شێوەی سلێمانیە، یاخود قوتابخانەی بابانە، کەلەسەردەمی میرنیشینی باباندا بناغەی دارێشتوەو تا هەنوکە هەرلەپەرەسەندن و پێشکەوتندایەو خاوەنی زمانێکی ئەدەبی نوسراوی دەوڵەمەندە، ئەم شێوە زارەی ئەمرۆی زمانی حکومەتی هەرێم و سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ئەم سێ دەزگایەش گەورەترین دەسەڵاتن لەهەرێمی کوردستاندا.

[14] کامل عمر، زمانی ستانداردی کوردی،ل101.
[15] - فوئاد حمە خورشید، زمانی کوردی و دیالێکتەکانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،٢٠٠٨،ل٧٧

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.1.22
this is an open access article distributed under the Creative Commons License CC BY 4.0

المجلد (5) – العدد (1), حزيران 2021
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**ب - هۆكاری جوگرافی**

فراوانی پانتایی جوگرافیای كوردستان، سروستی شاخاوی، ڕوباری پڕ ئاو سەرماو سۆڵەی درێژخایەن، لەو ئاستەنگانەبوون كە پێوەندی و هەڵسووكەوتی فەرهەنگی، كۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی گەلی كوردیان لە بەشە جۆراو جۆرەكانی كوردستان تووشی كێشە كردبوو و بە ڕادەیەک ئەم هۆكارە كاریگەری هەبوو كە كورد لە بەشە جیاجیاكانی كوردستان لە بارو و دۆخ و چارەنووسی یەكتر ئاگادار نەبوون و بەتایبەتی لەسەر زمان وئەدەب و كلتوور.جگەلەوەش گرنگیبوونی زمانی ئەدەبی ئەكگرتوو پێویستییەكی هێندە ژیاری و سیاسی و مێژویی و كلتوری وكۆمەلایەتییە، كەمانای كوردبوون وبوون بە نەتەوە و دەوڵەت و پاراستنی كلتورو فەرهەنگ و دەربازبوون و تێپەڕاندنی پێشكەوتن وشارستانی كۆمەڵ دەگەیەنێت.

**ج - ناوچەگەری و بەرژەوەندی خێڵەكی**

یەكێكی تر لەو خاڵانەی كە بووەتە هۆی لاوازی بوونی هەستی نەتەوەیی و كۆسپێكە لەبەردەم دارشتنی پلان بۆ سازدانی زمانێكی ئەدەبی یەكگرتوو لەناو گەلی كورددا، زاڵبوونی هەستی ناوچەگەری و دیالێكت خوازیە بەسەر هەستی نەتەوەیی دا، ئەم شێوە بیركردنەوەیە لە ئاكامدا هەستی نەتەوەیی لەبەرامبەر بەرژەوەندی هۆزەكی و ناوچەییدا لاواز دەكات و پرۆسەی قووڵ بوونەوەی ناسیۆنالیزمی كوردی بە شێوەیەكی ڕوون و ئاشكرا تووشی كزبوون و دابەزین دەكات.

هەربۆیە ئەگەر كوردزمانی ئەدەبی یەكگرتوو خۆی فۆرمەلە نەكات ، لە داهاتوودا وەك گەلێكی یەكدەستیش دەكەوێتە ژێر دەیان پرسیار و گومانی قوڵەوە، كە ئایا كورد یەك نەتەوەیە؟ ئایا كێشەی زمانی ستاندارو زاراوەكانی ، جارێكی تر ئەو ڕاستیە دەڵێن كە ئینتمای نیشتمانی ونەتەوەیی زۆر لاوازە. لەكاتێكدا ئینتمای هۆزایەتی و ناوچەیی لەو پەڕی كەف و كوڵ دایە ، پێمان وایە ئەگەر ویستی پەڕاندنی زمانی یەكگرتووی كوردیمان نەبێت ، هەرگیز ویستی سەربەخۆیمان تێدا دروست نابێت. كە بتوانێت هاوكێشە هەمە جۆرەكان بەقازانجی گەلی كوردستان، یەكلایی بكاتەوە، بۆیە دەبێت ئایندەی كوردستان و سەربەخۆیی كوردستان لەبەرچاوبگرێن و بارۆمەتری هوزگەری و خێڵەكی و ناوچەیی بەلاوە بنێن و ئینتمای نیشتمانی بەهێز بكەین.

دانیشتوانی كوردستان بە هەر زمان و دیالێكتێكەوە خۆیان لە چوارچێوەی جوگرافیایی ئێستای كوردستان پێناسەدەكەن و خۆیان بەخاوەنی ئەم سەر زەمینە دەزانن و هەزاران ساڵە لەسەر ئەم خاكەدەژین و هیچ یەكێك لەوان كۆچەری نین و لە شوێنێكی ترەوە نەهاتوون كەواتە دانیشتوانی كوردستان هەستی پڕ سۆزی نەتەوایەتیان بۆ خاك و وڵاتەكەیان هەیە.

(میللەت یان نەتەوە بە كۆمەڵێک بە مرۆڤەكان دەوترێت كە لە چوارچێوەی سنوور و جوگرافیای سیاسی یەک وڵات دا، واتە لە كیانێكی سیاسی دا دەژین و ماف و بەرپرسیارێتی وەک یەكیان هەیە)[16]

لێرەوە دەگەینە ئەو سەرنجەی كە گەلی كورد لەبواری ئاینیەوە بەر لەوەرگرتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام، لەسەر ئاینی زەردەشتی بوون و دوا بەدوای بڵاو بوونەوەی ئیسلام، لەزۆربەی زۆری ناوچەكاندا ئاینی ئیسلامیان قەبووڵ كردووە و بەشێكی زۆریان لەسەر مەزهەبی سوننەو ڕێبازی فیقهی ئیمام شافعین و ئەوانی تر مەزهەبی شیعەن، بەشێكی تریان لەسەر ئاینی یارسان و ئێزیدین. كەواتە گەلی كورد بەتێكرا خاوەنی مێژوویەكی هاوبەشن و هەموویان لەبواری بنچینەیی ڕەگەزییەوە خۆیان دەبەنەوە سەر مادەكان. گەلی كورد لەبواری فەرهەنگی و كۆمەڵایەتییەوە جیاوازییەكی ئەو تۆیان نییە. لەبواری داب و نەریت و، شێوازی ژیان، جەژن و بۆنەكان، جل و بەرگ و. ....تاد وەک یەكن هیچ چەشنە جیاوازییەكی ئەوتۆ لە نێوانیان دا بەدی ناكرێت.

دەشێت بڵێن ئاین پاڵنەرە بۆ ستاندارد، سەلام ناوخۆش دەڵێت:(هەبوونی كتێبێك پیرۆزو نوسراو بە زمانی نەتەوە ، مانەوەی زمانی سانسكریتی و دەسەڵاتی زمانی یۆنانی لە كۆندا پەیوەست بووە بەو زمانەی ڕینگ ڤیدای(Ring-Veda) پێی نوسراوەتەوە، هەتا بیرمەندە ناسراوەكانی بواری فەلسەفەش لە یۆنانی هێندە ئەو زمانەی خۆیان بەپەسەند دەزانی بەجۆرێك تووشی (شۆڤێنزمی زمان) بوون و بەچاوێكی پڕ ڕێزەوە تەماشای زمانی خۆیان دەكرد، هەروەها زۆر بەبێ ڕێزیش تەماشای زمانەكانی تریان دەكرد)[17]، لێرەوە دەگەینە ئەو ڕاستیەی كە زمانی ئاڤێستا زمانی ئاینی میدییەكان بوو، ئەو زمانە ئاینیە لە ئیمپراتۆریەتی میدی هێندە بەرزراگیراوبوو بەجۆرێك پاش ئەوەی كۆرش دەسەڵاتی میدیەكانی ڕوخاند، هەر پەیرەوی زمانی ئاڤێستایان دەكرد، بەواتایەكی تر كاریگەری قورئانی پیرۆز لەسەردروستبوونی زمانی ستانداردی عەرەبی زۆر دیارە، زاراوە ئایینەكانی قورئان

[16] - حافظ نیا، محمد رضا، مفهوم و تعریف میلت ١٣٨٨ جزوه كلاسی، دانیشگا تربیت مدرس تهران
[17] كامل عمر، زمانی ستانداردی كوردی،ل 206.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.1.22

this is an open access article distributed under the Creative Commons License CC BY 4.0

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (5) – العدد (1) , حزيران 2021
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)
ص:196-223

هەتا کاریگەری لەسەر پێکهاتەی زمانی شیعری ئەدەبی کلاسیکی کوردی وفارسیشی هەیە، شاعیرە کلاسکییەکانی کوردو فارسیش وەکو سەعدی وحافزی شیرازی، هێندە بەجوانی ئەو زاراوەیان لە شیعرەکانیاندا تەوزیفکردوە بە جۆرێك بوونەتە فاکتەری جوانی و بەهێزی شیعرەکان، هەروەها بەهاتنی ئاینی ئیسلام نزیکی زمانی قورئان لەشێوەی زاری قورەیشی هەژموونی کلتوری و روحی و زمانی قورئانی لەناخی عەرەبەکاندا ڕوواند، هەربۆیە عەرەب بە فاکتەری زمانی قورئانەوە، لەکلتوری کۆچەری و ئەعرابی رزگاریان بوو، زمانەکەشیان نەك هەربووە زمانی فەرمی و ئایینی و مەزاری مەککە بەڵکو هەموو جیهانی ئیسلامی گرتەوە.

لەبواری بیروڕای ڕامیاریەوە هەڵسووکەوتی دەوڵەتانی دەسەڵاتدار لەگەڵیان، هەموو گەلی کورد چارەنووسێکی هاوبەشیان هەیەو لەهەر ڕوداوێک کە لە کوردستان ڕوبدابێت خەڵکی هەر چوار پارچەی کوردستان، چارەنووسی یەک هاو سۆز بوون و هەستی نەتەوەیی کوردایەتی سنووری زمان و دیالێکت تێدەپەڕێنێت و جوگرافیایەکی ڕامیاری هاوبەش دێنێتە کایەوە.

لەکات و زەمەنێکدا کە بەشێک لە خەڵکی کوردستان تووشی نەهامەتی و کێشەیەک دەبن وەک و کارەساتی کیمیا بارانی هەڵەبجەو ئەنفالکردنی ناوچەکانی کوردستان هەموو بەیەک دەنگ بەشەکانی تری کوردستان دەشڵەژێن و بەشێوەی جۆراو جۆر هاو سۆزی نیشتیمانی دەر دەبڕن.

### بەشی دووەم: تەوەرەی یەکەم

**هزروزمان**

هزر بەواتای بیرکردنەوەو ڕامان دێت، لە هەموو چالاکییەکی عەقلیداو، درکپێکردنێکی هەستی یان وێناندنە، زمان مەرجی پێویستییە لە بیرکردنەوەی هەرمرۆڤێکدا کەلە حاڵەتی تاکگەرایی تەواو بێت، چونکە چەمکەکان تەنیا لە ڕیگەی وشەوە دروست دەبن، بەڕەنگێك کە بەبێ چەمکەکان مەحاڵە بیرکردنەوەی ڕاستی هەبێت، چونکە زمان تەنیا ئامرازێکی دەربڕینی هەقیقەتێکی ئامادە نیە هێندەی ئەوەی کە ئامرازێکی دۆزینەوەی هەقیقەیتێکی نەزانراوە، بەوەی زمان چالاکی وکارو بەجێگەیاندنی بیرەکانە.

### 2-1 هزری نەتەوەیی مرۆڤی کورد لەزماندا

ئاوڕدانەوە لە زمان وەک بابەت بە هۆی بەرفراوانبوونی پانتایی زمان و ئەدەب، شیکاری و شرۆڤەوە جیاوازی زۆری لێکەوتوتەوە، چونکە کورد نەتەوەیەکی زمانییە. نەتەوەی کورد لەزمانەکەی دا چڕ بۆتەوە. کورد بوون دیارە بە مانا کەلتوری و ئێتنیکییەکەی، پێش هەر شتیک لە زمانداو لە ڕێگەی زمانەوە خۆی دەردەبڕێت کورد بوون، بەبێ زمانی کوردی، لەمەش گرنگتر بەبێ زمانێکی هۆشدار و بە ئاگا لە بارەی خۆیەوە، تایبەندمەندی و کەلتوری و ناوەڕۆکی ئێتنیکی نەتەوەیی خۆی ون دەکات.

کاتێک لە زمان و ئەدەبدا کنەو پشکنین دەکەین دەگەینە ئەوەی هەستێک بەسەرماندا باڵ دەکێشێت کە هەستی مرۆڤ بوونی ئێمەیە، جۆرە مرۆڤێک، وێنای شوناسی مرۆڤێک کە لە دیدی جیاوازەوە، پەیوەست بوون بە زمانەوە پەیوەست بوونە بەکۆمەڵێک خولیاوە، ڕایەڵێکی پێوەندی خوازیە بە نەوەی پێش خۆمان و پێشینانمان، بەو زمان وئەدەبەوە، کە لەگەڵ نەوەی دوارۆژیش پێوەند دەبین، ئەمەش دەبێتە ڕایەڵی دوێنی و ئەمرۆ و سبەینێ.

بۆ نموونە تراسک دەڵێت :

(هەر زمانێکی زیندوو بەردەوام لە ئاستی وشە، دەنگ و ڕێزماندا توشی گۆڕان دەبێت، ئەمە سروشتییەو هیچ کەس ناتوانێت بەر بەم گۆڕانە بگرێت). [18]

کەواتە ڕوون و ئاشکرایە کە زمان گۆڕانی بەسەردادێت و ئەم تایبەتمەندییە ئەتوانێت یارمەتیمان بدات بۆ ئەوەی چۆن پێمان خۆش بێت زمان پەروەردە بکەین. هەر ئەم تایبەتمەندییەش سەرچاوەی جیابوونەوەو زۆر بوونی زمانەکانە.

[18] ـ ار.ال،تراسک (تحویل زبان )ترجمەی ارسلان گلنام. انتشارات دانشگا متهران، ١٣٨٢،ل١١

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.1.22
this is an open access article distributed under the Creative Commons License CC BY 4.0

**2-2 زمان و شوناسی سیاسی**

خواستی سیاسی بۆ پشتگیری پرۆسە مێژوویيە ديموكراسييە زانستييەكە پێویستە، ئێستا كەلە هەرێمی كوردستاندا جۆرە دەسەڵاتێكی سیاسی نەتەوەیی هەیە، گرنگە باشووری كوردستان بكرێتە نموونە لە چوارچێوەی سروشتی وكارپێكردن و سەرخستنی پرۆسەكە، بۆیە ڕەوتە مێژووییەكە بەردەوام بێت بۆ دامەزراندنی قۆناغەكانی زمانی ئەدەبی یەكگرتوو، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ گەلی ئێمە هێشتا نەدەوڵەتی نەتەوەیمان هەیەو نەزمان ئامرازی بوون و خۆناسین وهۆشیاری نەتەوەیە، پاراستنی یەكێتی زمانەكەمان وەڵامی ئەوەمان دەداتەوە كە دەبێتە یەك نەتەوە یان زیاتر، بۆیە سیاسەت بەتایبەتی سیاسیەتی دەسەڵاتی كوردی و پارت وگروپەكوردییەكان خۆیان نەبنە فاكتەرێك بۆ لەتكردنی نەتەوەیی پێویستە پرۆسەی ستانداردكردن وەك پرۆسەیەكی دیموكراسی شارستانی بەبەرنامەیەكی زانستی سەربەخۆ پشتگیری بكرێت.

زمانی كوردی وەک فاكتەرێكی سەرەكی شوناسی نەتەوەی كوردە، ئێستا كورد زیاتر دەرفەت و توانایی خزمەت كردنی بەزمان و پێشخستن و نوێكردنەوەی زمان هەیە، بەڵام زمانی كوردی هەمیشە زیاتر لەبەردەمی هەڕەشەو مەترسی دایە هەر بۆیە زمانی كوردی، لە خاک زیاتر بوونی بەجیا هەڵكەوتووی نەتەوەی كوردی پاراستووە. ئەگەر كورد زمانەكەی لەدەست بدایە و تەنانەت وەک ئێستا لەسەر خاک و زێدی خۆی بمایەتەوە ئەوا لەمێژبوو لە نێو نەتەوە سەردەستەكانی تورک و فارس و عەرەب دا تواببۆوە. چونكە كورد جگە لە زمان هیچ فاكتەرێكی دیكەی كەلتوری و ئاین یان بایۆلۆجی ڕەنگی پێست و فۆڕمی ڕوخسار لەو نەتەوانە جیایی ناكاتەوە. كەچی زمان دەشێت بۆ هەندێک گەل و نەتەوەی تر بەو جۆرە نەبێت بەڵكو زمان تەنیا توخمێكی كەلتوری بێت، لە بری فاكتەرێكی دیكەی كەلتوری ئاین، مەزهەب یان ڕابردووی مێژوویی، ئەو ڕۆڵە بنەڕەتییەی لە پێكهێنانی پێناسەو چارەنووسی نەتەوەكەدا هەبێت.

هەر مرۆڤێكی كورد كە لەزمانی ستاندارد یان زمانی گشتی یا تەنانەت گەلەكەشی تێنەگات مافی خۆیەتی كە بەزمانی دایک بنوسێت و بخوێنێت، هیچ هۆكارێک یان بیانوویەک نابێت ئەم ڕوانگە بەدژ بە قازانجی گەل بزانێت، چونكە ئەم بیرو و بۆچوونە بەرهەڵستكاری زۆرە.

بۆ نموونە ڕەفیق سابیر دەڵێت :

(ئایا گەلی باشووری كوردستان، كە هێشتا سەربەخۆ نیە بەرگەی ئەوەدەگرێت كە لە پرۆگرامی خوێندن و دەستگاكانی حكومەت داو لە بەرامبەری دەوڵەت و گەلی عەرەبی عێراق دا دوو زمان یا دوو شێوەزمان بەكار بهێنێت وەک ڕوناكبیرو سیاسەتمەداری ناوچەی بادینان دەخوازن؟)[19]

هۆی دڵە ڕاوكێی ڕەفیق سابیر هۆیەكی ڕامیارییە پێیوایە زۆربوونی زمانی ئەدەبی یەكگرتوو یەک پارچەیی وڵات دەكەوێتە مەترسییەوە، پێمان وایەئەزموونی زیاتر لەبیست و نۆ ساڵ هەرێمی كوردستان نیشانی داوە كە ئەمە مەترسی نییە، ڕەنگەكەسانێک پێیان وا بێت كێشەی ئابووری، زۆربوونی زمانی ئەدەبی یەكگرتوو كێشەبێت، ئەمەڕاستییەكی حاشا هەڵنەگرە كە زۆربوونی زمانی ئەدەبی یەكگرتوو باری ئابووری قورس دەخاتە سەر شانی حكومەت، بەڵام ئەمەش نابێت ببێتە بیانوویەک بۆ بێبەش كردنی كەسانێک لەمافی ڕاستەقینەی خۆیان هەر بۆیە زمان ڕۆڵێكی گرنگ لە ژیانی مرۆڤ دا دەگێڕێت، یەكێكە لەو پێداویستییە ڕۆژانەی كە ناتوانیت دەستبەرداری ببیت، چونكە هەموو ئەو هەست و سۆز و بیروو بۆ چوون و هزرەی هەیەتی بەشێوازێكی جۆراو جۆر لەڕێگەی زمانەوە دەردەبڕێت، لەگەڵ ئەوەش دا دروست بوونی كۆمەڵ و شارستانییەتیش بەبوونی زمانەوە پەیوەستە.

---

19 - ڕەفیق سابیر، ستاندارد كردنی زمان و ئەلف و بێی كوردی، دەستگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ،٢٠٠٨،ل٤٩


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.1.22
this is an open access article distributed under the Creative Commons License CC BY 4.0

**3-2 بە ستاندارد کردنی زمانی کوردی**

ستانداردکردن پرۆسەیە و لە ڕێگەی ئەو پرۆسەیەوە زمانێک بە کۆمەڵێک شێوە دادەرێژێت. واتە لەڕێگەی نووسین و ڕێزمان و فەرهەنگ و وشەو ئەدەبەوە پەرەی پێدەدرێت.

بۆ نموونە سەلام ناوخۆش دەڵێت :

زمانی ستاندارد لە ناوەرۆکدا زمانی ئەدەبی یەکگرتووە لە فۆرمێکی (ڕامیاری – یاساییدا) پێناسەی زمان یان دیالێکتی ستاندارد هەرچی بێت، ئەمڕۆ بۆ هەموو لایەک ڕوونە کە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست یان سۆرانی ڕۆڵی زمانی پێوەند داری بەشێکی زۆری کوردستانە جا با ستاندارد کراو بێت یان نا)[20]. ئاشکرایە بەپێی بڕیاری سیاسی نەبووە بێگومان پەرەسەندنی ئەم دیالێکتە بێ هۆ نییە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی قوتابخانەی بابانییەکان واتە دیالێکتی زمانی (نالی و سالم و کوردی) بۆیە هەموو دیالێکتێک یان زمانێک توانای گەیشتن بەم ئاستەی هەیە چونکە زمانی هەر نەتەوەیەک لەچەندان دیالێکت پێکهاتوون بەڵام هیچ نەتەوەو حکومەتێک، لەهیچ وڵاتێکی دنیا دا، کە بەتەنگ یەکبوون و داهاتووی خۆیانەوە بوون ڕێگەیان نەداوەو ڕێگەش نادەن، بەناوی دیموکراسی و مافی مرۆڤەوە، دیالێکتێک، یان چەند دیالێکتێکی زمانەکەیان، بکەنە ئەلتەرناتیڤ (جێگرەوە)ی زمانی دەوڵەت و حکوومەت و دەزگاکانی ئەگەر نەتەوە مۆدێرن و خاوەن دەوڵەتەکان بەدەوڵەتە دیموکراتەکانیشەوە، بەرگەی ئەوە نەگرن کە زمانەکەیان بکرێتە چەند زمانێک، ئایا نەتەوەیەکی خێڵەکی ژێر دەستی وەک کورد، کە هێشتا دوژمنانی نکووڵی لەبوونی نەتەوەیی و زمانەکەی دەکەن چۆن بەرگەی لەتکردنی زمانەکەی دەگرێت.

**4-2 کاریگەری ئەمڕۆی زمانی کوردی**

نووسەرانی بەتوانا دەتوانن پڕ بە هێزی پێنووسەکانیان کار بکەنەسەر زمانی ستاندارد و پەروەردەی بکەن، پەروەردەکردن و ستاندارد کردنی زمان پێویستی بە شۆڕشێکی فکری، خواستی گشتی کۆمەڵگا و کۆششی دڵسۆزانەی نوسەران و یارمەتی و پشتگیری بێوچانی دەسەڵاتی هەیە بۆیە پێمان وایە ئەم سێ لایەنە لەم پرۆسەیەدا بەژدارن :-

أ- نووسەران، ڕۆشنبیران و بیرمەندان.

ب- دەسەڵاتی ڕامیاری واتەحکوومەت.

ج- تاکەکانی ناو کۆمەڵگە بەگشتی، واتە خەڵک.

بۆ نموونە ڕەفیق سابیر دەڵێت :

(زمانی ئەدەبی لە هەر ناوچەیەکی وڵات دا و لەسەر بنەمایی هەر دیالێکتێکی زمانەکە پەیدا ببێت لە پرۆسەی بوونی بەزمانی یەکگرتوودا ڕەنگ و مۆرکی تێکڕای زمانی نەتەوەو زۆربەی دیالێکتەکانی دەگرێت.)[21]

**5-2 ستانداردی زمانی کوردی لە ڕووی مێژووە**

دەشێت بڵێین لەڕووی مێژووە کورد سێ ستانداردی هەبووە( هەورامی، کوردی ناوەڕاست، کوردی ژوورو) هەربۆیە وریا عومەر ئەمین دەڵێت:

( **أ-** هەورامی لەنیوەدووەمی سەدەی چواردەدا سەری هەڵدا، بەزۆری شیعری پێنوسراوە، کۆنترین شاعیری پەرێشانی دینەوەری کەلەساڵی 1395کۆچیدا مردووە، ئەم قوتابخانە ئەدەبیە تاکۆتایی سەدەی نۆزدە بەردەوام بووە، دوا شاعیرەناودارەکانی ( مەولەوی تاوەگۆزی(1806-1882) ومحەمەد وەلی کرمانشانی (1901)بوون.

**ب-** کوردی ژوورو کەبەشیعرەکانی مەلای جزیری (1570- 1640) دەست پێدەکات:

---

[20] سەلام ناوخۆش، ستانداردبوونی زمانی کوردی لە نێوان زمانی سیاسەت و سیاسەتی زمان، چاپخانەی منارە، هەولێر،2010، ل93.
[21] - ڕەفیق سابیر ، بەستاندارد کردنی زمان و ئەلف و بی کوردی ، ل١٩

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.1.22
this is an open access article distributed under the Creative Commons License CC BY 4.0

المجلة العلمية لجامعة جيـهان – السـليمانية
المجلد (5) – العدد (1), حزيران 2021
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)
ص:196-223

پێش جزیری شاعیری تر هەبوون بەوشێوەیە بنووسن، بەڵام هیچ بەرهەم وئاسەوارێکیان نەماوە، دوای مەلای جزیری فەقێ تەیران(1590- 1660)، ئینجا عەلی تەرەماخی تادەگاتە ئەحمەدی خانی (1651- 1707)، مەلا مەحمود بایەزیدی (1797- 1859). خاوەنی عادات ورسووماتنامەی ئەکردایە..تاد دەرکەوتن، کە هەموو شاکاری ئەدەبی مەزنیان بەشێوەی کوردی ژوورو پێشکەش کردووە.

ج- کوردی خواروو، کە هەوێنەکەی شێوەی شاری سلێمانی بوو، سەدەیەك زیاترە بەبەردەوامی پێی دەنوسرێت، لەسەردەمی حکومەتی شێخ مەحمود زمانی فەرمی ئەو ناوچەیە بووە. هەروەها زمانی حکومەتی مەهاباد بووە، کەئەدەبێکی زۆر پتەوی پێنووسراوە).[22]

بۆچوونی نووسەر ئەوە ئاشکرا دەکات کە زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی کە سەر چاوەکەی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستە بۆ هەڵبژاردن وەک زمانی ستاندارد شیاوە. کەوابوو لەم پرۆسەیەدا ئەرکی سەرشانی نوسەران و رۆشنبیرانی ئەو دیالێکتانەی کەزۆرتر لەزمانی ستانداردی کوردی دوورن وەک هەورامی و کەڵهوڕی و ، گرانترە ئەم نووسەرانە دەبێت بە نووسین و بە قسەکردن لەگەڵ نووسەران و ئاخێوەرانی کوردیس ناوەراست، کە لە زمانی ستاندارد نزیک ترە هەنگاو بۆ نزیک بوونەوەی دیالێکتەکان زوو دەگاتە ئەنجام و لەبەر ئەو هەستە نیشتیمان پەروەرییە لە نێوان کورددا هەیە ئەگەری ئەنجام بوونی زۆرە.

**2-6 دەسەڵاتی ڕامیاری (حکوومەت)**

بێگومان ئەزموون و ڕابردوو نیشانی داوە کە دەسەڵاتی ڕامیاری کاریگەرییەکی حاشا هەڵنەگری لە پرۆسەی بە ستاندارد کردنی یان پەروەردە کردنی زماندا هەیە. دەشێت بڵێین لە یەکەم هەنگاو دا حکوومەت دەبێت کۆڕێکی پەروەردەی زمان بەهەر ناوێک بێت یان بۆ نموونە فەرهەنگی ئەکادیمی دابمەزرێنێت، سوود لە ئەزموونی وڵاتانی دیکە وەرگرێت. بۆ ئەوەی شێوەی وشەسازی و پاڵاوتن و گۆران و پەروەردەکردنی زماندا ئەزموون بەدەست بهێنن، حکوومەت پەسەند کراوەکانی زمان بەئاگاداری کەناڵەکان، ڕۆژنامەنووسان و لایەنە پێوەندیدارەکان بگەیەنێت داوایان لێبکات جێبەجێی بکەن، حکوومەت لەڕێگەی کەناڵە تەلەفزیۆنی و ڕادیۆ و گۆڤار و ڕۆژنامەکانەوە زانیاری خەڵک لەسەر پێویستی پەروەردەکردن و پەرەپێدانی زمانی کوردی فراوان بکات .

**2-7 پرۆسەی ستانداردی زمانی کوردی**

مەبەست لە زمانی ستاندارد، زمان یان شێوە دیالێکتی زمانێکە کە هەموو چالاکییەکی زمانی، جگە لە ئاخاوتن و پێوەندی ئاسایی و ڕۆژانەی خەڵکە، زمان یان شێوە دیالێکتی زمانێک هەموو نوسەرەکانی وەک ئەدەبی ، میدیایی ، زانستی ، فێرکاری ، کارگێری ، یاسا دانان و دادوەری بخرێتە ئەستۆ بێگومان دەبێت (زمانێکی ئاوا ، توانای گوزارش کردنی لە هەموو خواست و پێویستییەکانی ئەم سەردەمەو دەربڕینی هەموو زهنییەتێکی تاک و کۆی کۆمەڵگەبێت).[23]

(زمانی ستاندارد یان زمانی پێوەر یان زمانی یەکگرتوو هەمان زمانە کە نەتەوە و وڵاتی سەربەخۆ پێویستی پێیەتی هەم وەک زمانی فەرمی هەم وەک فاکتەرێک لەفاکتەرەکانی شوناس)[24]

کەواتە لەم بارەوە دەبێت زمانی ئەدەبی یەکگرتوو بەپێیی بەرنامە ڕێژییەکی تەواو وشیارانە بێت کە بتوانێت لەگەڵ دۆخی کۆمەلایەتی و سیاسی و هاوکات خواستە فەرهەنگییەکانی هاوڵاتیان هۆکارێکی گونجاو بێت چونکە زمانی کوردی بوون و پێناسەی نەتەوەی کورد بەرجەستە دەکات کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ڕووناکبیران و سیاسەتمەداری کورد پێش هەموویان ،سەرکردایەتی کورد دەبێت لەبەرامبەر زمانەکەیاندا کەمتەرخەم نەبن و دڵسۆزی بنووێنن هەربۆیە زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی لە مێژووی دووسەد ساڵەی پێشکەوتنیدا، بەجۆرێکی سروشتی بەناوچەی جۆراو جۆری کوردستاندا بڵاو بۆتەوە، بەهەزاران وشەی دیالێکتە جیاوازەکانی کوردی تێکەڵاو بووە. سەدەیەکە لە زمانی شیعرو ئەدەبەوە گوردراوە بە زمانی فیکر و ڕۆژنامەنووسی و زانست و زانین و سیاسەت و حکوومەت و پەرلەمان. ئەمڕۆ ئاستی فیکرو و شارستانیەتی کوردو تایبەتمەندییە کەلتوری و نەتەوەیەکانی

[22] کامل عمر، زمانی ستانداردی کوردی،ل 22.
[23] د.الزواوی بغورة، فلسفة واللغة ونقد(المنعطف اللغة في الفلسفة)، الطبعة الاولى، دار الطليعة للطباعة والنشر، مطبعة دار الكتب ، بيروت، 2005"ص8.
[24] - گۆڤاری هایا ، وەرز نامەی فەرهەنگی ئەدەبی ، ساڵی یەکەم ،ژمارە،٢،٣ ، مریوان ١٣٩١ هەتاوی، ل ١٢٠.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.1.22
this is an open access article distributed under the Creative Commons License CC BY 4.0

ص:196-223
المجلة العلمية لجامعة جيـهان – السـليمانية
المجلد (5) – العدد (1) , حزيران 2021
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

کورد، لەباشوورو ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ، بەر لەهەر شتێک، لە زمانە ئەدەبییەکەیدا دەردەکەون. ئەم زمانە ئەدەبییە یەکگرتووە، هەموو مەرج و نیشانەکانی زمانی ستانداردی لەخۆیدا بەرجەستە کردووە.

(پێوەر وەک زمانی ستانداردی کوردی لە سەدەی حەڤدەی زاینی لەلایەن برایم پاشایی بابانەوە دەسەڵاتی کوردی ئەو کاتە، دەرفەتێکی لەبارەی ڕەخساندن، دیالێکتی کوردی ناوەڕاست ببێتە شێوە دیالێکتی نوسین و ئەدەب و زانست و زمانی فەرمی. بەروبۆی ئەم دەسەڵاتە سەر هەڵدانی شاعیرانی وەکو نالی، عەلی بەردەشانی بوو، لەو کاتەدا دیالێکتی کوردی ژوورو بەهۆی ئەوەی لەژێر چەپۆکی دەسەڵاتی عوسمانییەکان و دیالێکتی گۆرانیش لەژێر ناڵی ئەسپی دەسەڵاتی ئێراندا کەوتبوونە دەمی ئاویلکەدان .)[25]

کەواتە لە باشوری کوردستان و هەرێمەکانی کوردستانی ئێران و هاوکات ئەم هەوڵانە بەهەمان شێوە لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە هاتۆتە ئاراوە بەڵام لێرەدا بەهۆی پێشینەیی ئەدەبی شیعری کلاسیکی شاعیرانی ناوچەی سلێمانی و موکریان دیالێکتی کوردی ناوەڕاست زیاتر نۆرمی سلێمانی و موکریانی بۆتە بنەمای چێکردنی زمانێکی یەکگرتووی ئەدەبی میدیایی و تەنانەت فێرکاری و کارگێریش ، زیاتر بەربڵاوترە، بەو پێیەش زۆر هۆی ڕامیاری و ڕۆشنبیری دیکە کارێکیان کردووە کەپرۆسەی چێکردنی زمانی ستاندارد لەم هەرێمە پێشکەوتووتر بێت و بە شێوەیەک لە شێوەکان زۆربەی قۆناغەکان ببڕێت .
کەواتە کورد لە هەر بەشێکی کوردستاندا ، بە هەر دیالێکتێک و شێوە زمانێک بدوێن و بنوسن و ، خۆیان بە کورد و زمانەکەیان بەکوردی دادەنێن ، خەڵکی تریش هەر بە کوردیان دەزانن، ئەم مەسەلەیە، لەرووی ڕامیاری و نەتەوەییەوە بایەخی زۆری هەیە چونکە دیاردەی فرە دیالێکتی، لە وڵاتانی پێشکەوتوودا، بە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی کەلتووری دادەنرێت.
بۆیە زمان هەقیقەتمان پێ ڕادەگەیەنێت، چونکە زمان لە ناواخنیدا هەقیقەتمان بۆ کەڵەکە دەکات، (زمانمان ئاماژەیە بۆ ماهیەتی کۆکردنەوە). [26]
لێرەوە زمان و هەقیقەت کۆمان دەکاتەوە بەمەش زمان ئامادەبوونی هەقیقەتمان نیشان دەدات.
چونکە هایدگەر ئەم ڕوونکردنەوەیە دەدات (زمان ئاماژەی بوون دەکات بۆ ئەوەی (ئامادە) بێت لە وشەکاندا هایدگەر (دەرەوە) دەبات بۆ ئامادەکردن (لە ناوەوەی) زماندا). [27]
کەواتە ئەگەر زمان ئاماژە بێت لە سەر هەقیقەتی ئامادەبوو ئەگەر زمان بریتی بێت لە زمانی بوون ئەوا هەقیقەتی ئامادەبوو بریتییە لە بوون. لێرەوە زمان ناسنامەی بوونی نەتەوایەتیمان دەسەلمێنێت.

### 8-2 هزری فەلسەفەی ئەدەبی لای شاعیران

ئەگەربەدوای هزرە جۆراوجۆرە فەلسەفییەکانی جزیری دابچین" بۆمان دەردەکەوێت کە بەردەوام بەشێوەیەك لەشێوەکان لەپرسیارکردن و هەوڵداندایە بۆ دۆزینەوەی وەڵامی گونجاو بۆ پرسیارە بنەڕەتییەکان و زیاتر ئەو کێشەو گرفتانەی باس دەکات لە شیعرەکانیدا کە گشتین و لاوەکی نین.

وەك دەڵێت:

**ب طەبل خانەیی شاهی وەرە تەخت     کوتوئیرۆ شەهی کوردستان**

**بازدان بەسەر شەهی خووبان و خان و خاقان و سوڵتاندار و دولبەربە**

**شاهی کوردستان نواندن).[28]**

ئەمەش نیشانەیەکی تر سۆزو خۆشەویستی نیشتمانە.

[25] - گۆڤاری زریبار، زمانی کوردی فەرهەنگ نووسی، ژمارە،٧٧،٧٨ ، مریوان ساڵ ١٣٩١، ل٢٦،٢٧
[26] - فریدریش هۆڵدەرلین،نانو شەراب،و. دلاوەر قەرەداغی،چاپی یەکەم، ناوەندی غەزەلنووس، سلێمانی، ٢٠٢٠، ل ٨.
[27] - هەرئەو سەرچاوەیە ، ل ٩.

[28] د.عیزەدین مستەفا رسول، مەلای جزیری شتێك دەربارەی ژیان وبەرهەمی ،ل92.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.1.22
this is an open access article distributed under the Creative Commons License CC BY 4.0

**المجلة العلمية لجامعة جيـهان – الســليمانية** ص:196-223
المجلد (5) – العدد (1), حزيران 2021
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

هەربۆیە جزیری ئامانج و مەبەستە سەرەکییەکەی لەرێگەی وردبوونەوەیەکی قووڵ و پەیبردنی بە ڕاستی ژیان وخۆشەویستی بە کوردستان دەڵێت:

**گوڵی باغی ئیرەمی بۆتانم   شەب چرای شەبی کوردستانم).[29]**

زمان پێناسەی گەلانە، هەرکەس لە هەر رەگەزێك بێت، بەهەر زمانێك ئاخافتن بکات یان بنووسێ، لەگەڵ خاوەنی زمانەکە بۆتە یەك ئەشێ بە رابەری ئەو بپێوێ، بۆ مەلای جزیری لەم دێرە شیعرەدا دەردەکەوێت کە ڕووی هونەری شیعرە سەرداری زمانێکی تەڕو پاراو رەوانە وەك دەڵێت:

**حوسنێ ئەدایا تە(مەلا) هەرکێ دی**

**صح لە إنك عين الفصاح).[30]**

بۆ سەلماندنی زمانی رەوانی و هونەری دەربڕینی شیعر لای مەلای جزیری نالی دەڵێت:

**نالی عەجەب بە قودرت و حیکمەت ئەدای دەکات**

**مەعنای زۆر و گەورە بەلەفزی کەم و بچووك).[31]**

کەواتە جزیری شاعیرێك بووە بەخوێندنەوەی وردی شیعرەکانی دەردەکەوێت چەند هۆگری ئەدەب و فەلسەفە بووەو ویستوویەتی بەزمانی شیعریش ئاماژە بەمەبەست و بابەتەکانی بکات، بۆیە نالی زاراوەی(حیکمەت)ی بۆ جزیری بەکارهێناوە چونکە چەمکی حیکمەت بۆداتای مەعریفەی گشتی و بێ کەم وکورتی فەزیلەتی ئاکاری و پێش زاراوەی فەلسەفە بەکارهاتووە، جزیری شاعیری خاوەن هزری فەلسەفیە.

یاخود دەڵێت:

**شیعری(مەلێ) کو وەك ڕەوان   دایەتە جانی مەرۆڤان**

**پورمەل بەرگێ ئەرغەوان   دینە غەزەل ل نك شەتەت).[32]**

بایەخدان بە هونەروگیان بەشێوەیەکی گشتی دەبێتە هۆی هۆشیاری رۆح وسەلمێنەری زیندووێتیە لەڕوی زمانەوانیەوە شاعیر بەتەواوی کاریان لەگەڵ شێوەو فۆرمی وشەکان بووە، ئەم ئەدگارەش رۆحێکی هەمیشەیی دەداتە شیعرەکە، لێرەوەبیر لە زەینی شاعیردا تێکەڵ بەخەیاڵ وزمانێکی تایبەت دەبێت وێنەیەکی نوێ وەردەگرێت، بەم رێگەتاییەتە هەقیقەتمان پێشکەش دەکات.

سەرچاوەی سامانی نەتەوایەتی لای ئەحمەدی خانی هەرلەیەك لای ئەم سامانە فراوانەی لەرۆژهەڵاتدا قەتیس نەبووە،زۆرجار پەنادەباتە بەر زمانی خۆی تا وێنەی نوێی خوڵقێنەریی لێ دروست بکات،کە دەتوانین ناوی بنێین بە گۆڕینی ڕوخسار بۆناوەرۆك، بۆنموونە ، خانی دەڵێت:

کانی لمە تاشە یا نەزیرە

باغی وی بەهارە یا پەییزە).[33]

عیزەدین مستەفا ڕەسول دەڵێت:( شاعیر دەسەڵاتی بەسەر چەند زمانی رۆژهەڵاتدا دەشکێت و هەڵسوکەوت لەگەڵ وشەدا دەکات،وەك مولکی شیعری رۆژهەڵات بێت لەگەڵ چاودێری تەواوی پێکهێنانی ڕەسەنی کوردی زمانی تێکەڵاوی شیعری

---

[29] هەرئەو سەرچاوەیە،ل92.
[30] هەژار دیوانی مەلای جزیری، چاپ أول، تهران، 1393، ل217.
[31] مەلا عەبدولکەریمی مودەرسی و فاتیح عەبدولکەریم ، دیوانی نالی،چاپی دووەم، انتشارات کردستان، سنندج،1379،ل353.
[32] هەژار، دیوانی مەلای جزیری، ل353.
[33] د.عیزە مستەفا ڕەسول، ئەحمەدی خانی شاعیر و بیرمەند،، فەیلەسوف و سۆفی، سلێمانی، 2008،ل209.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.1.22
this is an open access article distributed under the Creative Commons License CC BY 4.0

ڕۆژهەڵات وشەو بەکارهێنانی ڕەوانبێژی فارسی و عەرەبی وتورکی وشەی کوردی لەچوارچێوەی دروستکردنی تەواوی ڕستەی کوردیدا دەچێتە پاڵ خانی).[34]

یاخود دەڵێت:

کوردی، عەرەبی، دەردی وتازی

تەرکیب کرن ب هەزل و بازی)[35]

ئەم شاعیرە وزەی هەموو ئەم زمانەی بۆ سوودی کارە ئامانجدارەکەی دەگوشێ و شایان بەخۆی ئاهەنگی لەدایکبوونی داستانی کوردی لە قووڵایی دەروونی کوردی خۆشەویستەوە دەگێڕێت.

واتە دەسەڵات بەسەر ئەم زمانەدا یارمەتی شاعیر دەدات پانتایەکی فراوانی داهێنان لەبەردەمدا دەکاتەوە ولە جوغزی تەسك دەیهێنێتە دەرەوە.

یاخود دەڵێت:

ڕەنگی سەمەلێ ب جایی غازە)[36]

یازمان دەگۆڕێت بەناوەرۆك و شاعیر دوو دڵی خۆی بەرامبەر ئامێرە جیاوازەکانی زمان دەرنابڕێ بەڵکو بەرامبەر بە ناوەرۆك سەرسامی دەروون.

وەك دەڵێت:

**جوانی و بەهار و باغ و مەحبووب**

**ئایا د دونێ چەمایە مەتلووب**

**خاسما هەبتن ئەڤینی غالب**

**لەب تەشنەیی عەشق هەردوو جانب**

**ئیدی چ بەبێژم ئەز نەزانم**

**بیلمز کە نەسویلیە زبانم)[37]**

داچۆڕانی زمان لای خانی لە سنوری ئەو زمانانەدا ناوەستێ کە دەیانزانێ، بەڵکو دەچێتە قوڵایی دیالێکتە جیاوازەکانی کوردی و لقەکانیانەوە.

**بۆهتی و مەهمەدی و سلیڤی**

**هەن لە عل و هەنەك ژ زێرو زیڤی)[38]**

[34] هەرئەو سەرچاوەیە،ل210.
[35] هەرئەو سەرچاوەیە،ل210.
[36] هەرئەو سەرچاوەیە،ل210.
[37] د.عیزە مستەفا ڕەسول، ئەحمەدی خانی شاعیر و بیرمەند،، فەیلەسوف و سۆفی، سلێمانی، 2008،ل209.
[38] هەرئەو سەرچاوەیە،ل210.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.1.22
this is an open access article distributed under the Creative Commons License CC BY 4.0

هەربۆیە د.عیزە مستەفا ڕەسوڵ، دەڵێت:

(خانی خۆی لە سنوری ئەم لقانەدا راگرتووە کەوەك دەردەکەوێ بەلقی کرمانجی ژوورو زانیوە ، کە دیالێکتی خۆیەتی، بەڵکو گەلێك وشە دەبینین کە دەتوانین دەستنیشانیان بکەین و بەوشەی لقە جیاوازەکانی دیالێکتی خوارووی بزانین، تەنانەت گۆران و لوریشی لا دەبینین کە شارەزایانە دایمەزراندووە، جێگە و گونجاوی لەناو ڕەگەزەکانی ترماندا بۆ دۆزیوەتەوە.

فرمانی(نەدێرین) کە ئێستا لە قسەی ڕۆژانەی فەیلی ولوڕدا بەکاردێت، وەك بەردێکی جوانی جیاواز دەدرەوشێتەوە، و هەستێکی زمانەوانیی جوان لەم دێرە دراميیەدا دەبەخشی.

**ئەی واقیفی واقیعاتی دێرێن**

**ئەم غەریری تە مەحرەمان نەدێرێن).[39]**

واتا خانی دەسەڵاتێکی ڕەسەنی جیاکردنەوەی لەنێوان بەکارهێنانی وشەی فارسی و تورکی و عەرەبیشدا هەبێت و توانیبێتی دارشتنی ڕەسەنی ڕستەی کوردی بپارێزێت و سامانێکی فراوانی وشەی ئەم زمانە و زمانی کوردییەکەی خۆی لا ببین، بۆ سوودی زمانی زگماکی خۆی بەکاری هێنابێ و وزەی توانستی شاعیرانەی خۆی پێ پتەو کردبێت.

زمان خۆی و دیالێکت و پلەی مێژوویی و پابەندییەوە بە زمانی ئەدەبی سەردەمەوە،دەچنە نێو بەرهەمی ئەدەبیەوە و ئەدەب دەبێت بە ئاوێنە یان دەشێت بڵێین ئەم چەشنە بەرهەمە دەچنە ناومێژوویی ئەدەبیاتی کوردییەوە.

بۆنموونە: نالی دەڵێت:

**فارس و کوردوعەرەب هەرسێم بەدەفتەر گرتووە**

**نالی ئەمرۆ حاکمی سێ موڵکە دیوانی هەیە[40]**

نالی بە سێ زمانیش شیعری گوتووە، واتە شیعری نالی هەرلەناو کورددا لەدووتوێی مێژوویی ئەدبیاتی کوردیدا ماوەتەوە، هەموو هونەرەکانی ڕەوانبێژی و وشەو ڕازاندووتەوە ڕەنگیداوەتەوە.

هەروەها نالی بەئاشکرا لە شیعری خۆی دا خەریکە باسی دەقی ئەدەبی و چیەتی دەقێکی بەرز دەکات ، بابەتەکە باسی خودی شیعر و دەقی ئەدەبی دەگرێتەوە، واتە نالی لەبەشێکی زۆری شیعرەکانیدا باسی ڕوانگەی خۆی دەرهەق بە دەقی ئەدەبی بەگشتی و بەتایبەتی شیعر و دیسان بەشێوەیەکی تایبەتی تر باسی ڕوانگەی دەرحەق بە شیعری خۆی دەکات، وەك دەڵێت:

نالی نییەتی قووەتی دڵ قودرەتی ئێنشا)[41]

نالی هەندێك پارچە شیعری هەیە، کە باسی شیعری تێدا کردووە.

وەك ئەم پارچە شیعرە:

**تەبعی شەککەر باری من کوردی ئەگەر ئینشا دەکا**

**ئیمتحانی خۆیە مەقسوودی لە عەمدا وا دەکا**

**یالە مەیدانی فەساحەت دا بەمیسلی شەهسەدار**

**بێ تە ئەممول بەو هەموو نەوعە زوبانی ڕادەکا**

---

[39] هەرئەو سەرچاوەیە،ل211.
[40] مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتیح عەبدولکەریم، دیوانی نالی،ل582.
[41] ڕەهبەر مەحمود زادە، ئافاتی شیعری نالی، چ1، چاپخانەی مازیار، سنە 1399، 2020،ل59.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.1.22
this is an open access article distributed under the Creative Commons License CC BY 4.0

**کەس بەئەلفازم نەڵێ خۆکوردیە خۆکردی یە**

**هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی تالیبی مەعنا دەکا**

**بێتە حوجرەم پارچە پارچەی موسودەم بکرێ بەڕۆح**

**هەرکەسێ کووتاڵ و پارچی بێ دەڵ سەودا دەکا**

**شیعری خەلقی کەی دەگاتە شیعری من بۆ نازکی**

**کەی لە دیققەت دا پەتك دەعوا لەگەڵ هەودا دەکا).[42]**

نالی بەشێوەی راستەوخۆ لەگەڵ خوێنەر دەدوێت و باسی شێوەی نووسینی خۆی دەکات وبەرهەمێکی نوێ تر کە پێ دەوترێت( ئەوپەڕ چیرۆك)ی تێیدا بەدی دەکرێت، ئەم چەشنە بەرهەمە لە سنووری نێوان چیرۆك و رەخنەی ئەدەبی دا دەخولقێنێت، چونکە هەم چیرۆکە و هەم لە چیرۆکەوە دەردەکەوێت ولە گۆشە نیگایەیەکی دەرەکییەوە باسی دەقی چیرۆك دەکات.

هەروەها لەم شیعرەدا بابەتی هەندێك شیعر خودی شیعرە وەك ئەو شیعرانەی نالی، دیارە ئەم دیاردەیە جگەلە لەنالی لە شیعری شاعیرانی دیکەشدا دەبینرێت، بەڵام پێمان وایە لە شیعری هیچ شاعیرێك دا ئەوەندەی نالی داکۆکی لەم بابەتە نەکراوە.

واتە زمانی شاعیر بەبێ بیرکردنەوە لەملاو ئەولادا ڕادەکات، بەڵام بەواتایەکی تری ئەوەیە شاعیر زۆر بەسانایی و بێ ئەوەی گوشاری فیکری بخاتە سەرخۆی شیعری وا قووڵ دەنوسێت، ئەمەش خولْقاندنی دەقی داهێنەرانەیە.

لە جیهانی نالی دا مەبەستی گرنگ لەگەڵیدا بەرجەستە بووە. وەك زمانی ئەدەبی، وەکو قوتابخانەی شیعری کلاسیکی نوێی بابان.

حەزرەتی نالی لەچەند پارچە شیعرێکدا شانازی بە توانا ئەدەبییەکانیەوە دەکات، لەلایەك خۆی بە سوڵتانی هەر سێ زمانەکانی فارسی ، کوردی، عەرەبی، دەزانێت، ودەیسەلمێنێت کەوا هەرسێکیان بەدروستی دەزانێت.

جارێکیش لەڕووی وردەکاری شیعریەوە، ئەم مەبەستەی خۆی دووپات دەکاتەوەشیعری سەلیقی لە پارچە شیعری (مولمع)دا بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی ڕاستی زمانی زانی خۆی دەسەلمێنێت، ئەمەش سەرەتاکەیەتی :

یا بدر علوا و ضیاء وکمالا

فألغضن مع الاصل الی فرعك مالا[43]

عیزەدین مستەفا ڕەسول دەڵێت:

( لەناوی زۆربەی گەلاندا، تەنیا لەباسی فۆلکلۆر و ئەدەبی میللیدا مەسەلەی دیالێکت و بەشەدیالێکت دەستنیشانکردنی یا بایەخ پێدانی زمانی ئەدەبی بەرهەم یا شاعیر دا دێتە کایەوە. بەڵام بۆ ئێمەو بۆ ئەدەبی کوردی، وەك دەزانین پلەی مێژوویی واهێناوە کە هەردیالێکتە سەردەمێك واهاتبێتە پێشەوە کە ببێ بە بناغەی زمانی ئەدەبی یەکگرتوو وئەم مەسەلەیە ڕێبازێکی مێژوویی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام ئەوە وامان لێ ناکات کە دیسان دان بەوەدا بنێین کە ئەدەبیاتێکی کوردی یەکگرتوومان هەیە، کە یەك مێژووی هەیەو مێژووی دەچێتە سنووری یەك مێژووی ئەدەبیاتی کوردیەوە، هەرچی زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردو گەلانی تریشە، ئەوە لە شوێن و دەرفەت و سەرچاوەی تردا باسکراوە، حوکمی ژیان و زەمان بەدڵنیایەوە باوەڕو ئەنجامەکانی پێشوومان پێ دووبارە دەکاتەوە، کە کوردیش وەك هەمووگەلانی جیهان ، ئەمڕۆ یا سبەی بەیەك زمانی ئەدەبی دەخوێنێ و دەنووسێ و بەرهەمی ئەدەبیش وەك بەرهەمی گەلانی هەموو ئەم جیهانە هەربەیەك زمانی ئەدەبی یەکگرتوو دەبێت).[44]

[42] مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتح عەبدولکەریم، دیوانی نالی.ل111.
[43] مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتح عەبدولکەریم، دیوانی نالی.ل111.
[44] د.عیزە مستەفا رەسول، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم،سلێمانی، 2012"ل32-33.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.1.22
this is an open access article distributed under the Creative Commons License CC BY 4.0

ص:196-223
المجلة العلمية لجامعة جيـهان – الـسـليمانية
المجلد (5) – العدد (1), حزيران 2021
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

بۆ ئەم مەبەستە گۆران لە شیعری( بەڕێگادا بەرەو کۆنفرانس) دەڵێت:

**ئەگەر دوێنێ ماموٚستاکان**

**یەك سوڵتانیان پێ ئەگەیان،**

**ئەمڕۆ ئەبێ ماموٚستای کورد**

**دانیشێ و بەراوێژی وورد**

**ڕیگای پێگەیاندن دانێ:**

**بۆ ملیۆنان، نەك سوڵتانێ:**

**لە بێشکەی بن هەر سێبەرێ**

**سبەی ئەگەر بێتە دەرێ:**

**خانزادێ" سەلاحە دێنێ**

**کاکە مەمێ، خاتوو زینێ..**

**ئەوسا بەستەی بێ خەمیمان**

**چ هی پێنووس، چ دەمیمان**

**بەتاقە یەك زاری شیرین**

**شاخ پڕ ئەکا لە پێکەنین**

**ئەوسا: (خانی)، خانیی سەردەم**

**بەزمانێك ئەنووسێ(مەم)**

**کە پێ ئەدوون(نالی)و(مەحوی)**

**وەك (قوبادی)، وەك( مەولەوی)**[45]

لەم سۆنگەیەوە دەگەینە ئەو مەبەستەی کە شاعیر کاری لەسەر مێژووی ئەدەب کردووە بەپلەیەکی بەرزی هونەری بۆ ناساندنی ڕەگەزو زمانی کورد لەبەربەیانی مێژووە تائەمڕۆ خراونەتە ڕوو،کەواتە ئەمڕۆ یا سبەی بێت دەتوانین مەڵۆیەك بخەینە سەر خەرمانی ئەدەبەکەمان، بۆ زمانی ئەدەبی یەکگرتوو.

شۆرشی ڕاستەقینەی گۆران لەبواری کێشی شیعری کوردی دا بریتییە لە دەرخستنی پرۆژە نوێگەریەکەی کەلەچوارچێوی کێشی عەروزی عەرەبی و هۆنینەوەی شیعرەکانی بەکێشی برگەیی خۆماڵی کوردی، ئەم کارەی گۆران بیگومان مانایەکی تایبەت دەگرێتە خۆی، هینانە ناوەوەی کیشە خۆماڵییەکان بۆ ناو شیعری نووسراوی کوردی بەهادانە بە فاکتەرە کولتورییە نەتەوایەتییەکان بەرانبەر بە فاکتەرە بیانیانەی شیعری کوردییان بۆماوەیەکی دووردرێژ داگیرکردبوو.

[45] محمدی مەلا کەریم، دیوانی گۆران، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، 1980، ل316.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.1.22
this is an open access article distributed under the Creative Commons License CC BY 4.0

ص:196-223
المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (5) – العدد (1) , حزيران 2021
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

ئەمەش بەبەکارهێنانی کێشە برگەییەکانی شیعری سەرزارەکی کورد کە بریتین لە کێشەکانی دەبرگەیی(5+5) هەشت برگەیی( 4+4) ئەم هەنگاوە بە شکانی سنوری نێوان شیعری نووسراو و شیعری سەرزارەکی خەڵکی دا بنێین بۆنموونە هەڵبەستی( لەسەرمەرگی هیوادا) دەڵێت:

**رۆڵەی تاقانەم ، هیوای ژیانم**

**ئەستێرەی گەشەی بەری بەیانم (5+5)**

**رۆژی نەورۆزی پرشنك زێرینم**

**تریفەی سپی مانگی هاوینم)[46]**

یاخود لە هەڵبەستی( پەشیمان) دەڵێت:

**کفرە لای من لەیار رەنجان**

**پێی لێ ئەنێم ئەی زوهرەی جوان!**

**هەرزە گۆییم کرد هەر چیم وت،(4+4)**

**وا ئەو چڵکەم بە فرمێسك شت)[47]**

ئەمەش ئەوراسیتییەمان بۆ روونەدەکاتەوە ، بەرهەمهێنانی کەرەستەی نوێی شیعری کەلە قوڵایی بەهرەو هونەری شاعیرەوە سەرچاوە دەگرن، بۆ گەیشتن بەئامانجە رەنگینەکەی گەلی کورد بەگشتی.

بەوەی خودی شاعیر بەتەواوی ئاگاداری رۆڵی زمانی شیعرە،چونکە نوێگەری لە شیعری کوردیدا گرنگیدان بووبە زمانی کوردی خەسڵەتێکی سەرەکی پرۆژە نوێخوازەکەی بوو ، بۆیە لە سۆنگەی ئاشنایەتی بەرفراوانی زمانی ئەدەبی یەکگرتووەو گرنگی بەزمانی پەتی و پاراوی کوردی دا بە جۆرێك بەزمانی کوردی نووسی یەك وشەی بێگانەی بەکارنەهێنا، بۆنموونە:

**قژ کاڵی لێو ئاڵی پرشنگی نگا کـــــــــاڵ،**

**ئەی کچە جوانەکەی سەرگۆنا نەختی چاڵ)[48]**

یاخود لەم کۆپلەیەدا دەڵێت:

**کانییەکی روونی بەرتریفەی مانگە شەو**

**لە بنیا بلەرزێت مرواری و زیخ وچەو،**

**لەلای من خۆشترە لەدەریای بێ سنوور**

**شەپۆلی داتە بەرتیشکی رۆژ شلَپ و هوڕ).[49]**

ئەگەر بروانینە ئەم شیعرە یەك وشەی عەرەبی ، فارسی، تورکی لەمە دێرانەدا نیە بۆهەر عەرەبێك و فارسێك و تورکێك، بخوێنێتەوە تێدەگات کە زمانی کوردی ، زمانێکی تایبەتەو سەربەخۆیە، چونکە ئەوان لەیەك وشەی تێناگەن.

---

[46] محمدی مەلاکەریم، دیوانی گۆران، ل93.
[47] محمدی مەلاکەریم، دیوانی گۆران،،ل39.
[48] هەرئەو سەرچاوەیە،ل45.
[49] هەرئەو سەرچاوەیە،ل46.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.1.22

this is an open access article distributed under the Creative Commons License CC BY 4.0

المجلة العلمية لجامعة جيـهان – السـليمانية
المجلد (5) – العدد (1), حزيران 2021
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

سەرەڕای کاریگەری زمانەکان وپەڕینەوی وشەی ناویان بۆ یەکتر، زمانی کوردی دەتوانێت بەرگری لە خۆی بکات لەناو هەموو زمانەکاندا هەست بەبوونی وشەی ناوزمانەکانی تر دەکرێت بەهۆی تێکەڵبوونی کلتورەکان بەیەکترەوە، بەهۆی زۆر بەکارهێنانەوە جێگەی خۆیان لە زمانی دووەمدا دەکەنەوە، دەچنە ناو ئاناگایی مرۆڤەکانەوە و جارێکیتر لەڕستەوئاخاوتندا دردەکەونەوە.

زمان لەدەقە شیعرییەکانی پیرەمێردا لە روانگەی ئەو ڕاستییەوە ئاوڕی لێ دەدەینەوە کە کاتی پیرەمێرد هاتە ناو جیهانی شیعری کوردییەوە نەك هەر شوێن پێی شاعیرانی پێش خۆی وسەردەمەکەی خۆی هەڵنەگرت بەڵکو ڕاستەوخۆ و لەیەکەم هەنگاویاندا ڕووی لە گۆڕینی زمانی شیعری کوردی کرد.

وەك دەڵێت:

**مستۆ وا دیارە تۆش چل خوار ئەکەی**

**ئەستۆن ئەخورێ و مەیلی باری ئەکەی**

**ئێمە کە کوردین لەلامان وایە**

**کوردی زبانێکە زۆر بێهاوتایە**

**ئەگەر تەلقینم بەکوردی نەدرێ**

**گوێی لێ ناگرم باکفنم بدرێ)**[50]

کەواتە بنەمای سەرەکی کە لەسازدانی چەمکی شیعردا لە هەر سەردەم وقۆناغێکی رۆشنبیری میللەتاندا بووبێ زمان بووە، تەنانەت زمانی شیعری خۆی بووە بە سیمای جیاکەرەوەی دەقی شیعری لە جۆرەکانی تری دەقی ناشیعری، بەم پێیە دەنگی تایبەتمەندی شیعری پیرەمێرد ڕووی کردۆتە وشەی کوردی پەتی بوار بۆ ئەوەش رەخسا لەبەردەم پیرەمێرددا کە هەوێنی رەسەنایەتی زمانی کوردی بە چێژی شیعر دۆستی ئەو قۆناغە ئەدەبیە کوردیە بخاتە روو ، ئەمەش لە سۆنگەی هەوڵدان و چەسپاندنی زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی بوو، چونکە لەو رۆژگارەدا زمانی کوردی بە جۆرێك شێواو بوو، بۆیە ئەو بیرو هەست و سۆزە وروژاوەی دەروونی پیرمێرد بەم گیانە نەتەوەییەوە دەستی دایە شیعریی نەتەوەیی تا هێمنانە زمانی ئەدەبی یەکگرتوو لەناو دڵی نەتەوەکەیدا چەکەرە بکات.

هەموو وشەیەك، کە دەدوێ هەڵگری دەنگ و دەلالەتە، بەپێی دەربڕینی دەق چرییەکەی دەگۆڕێت، یاخود بەجۆرێکی تر بەپێی مەبەستی نووسەر چەمکەکان لە توێی جەستەی دەقدا بەرجەستە دەبێت خود ئەو بەرجەستە کردنەش لەسەر ئاستی سایکۆلۆژی خۆی نمایش دەکات، بۆنموونە دڵدار لە سرودی( ئەی ڕەقیب) دا دەڵێت:

**ئەی ڕەقیب هەرماوە قەومی کورد زبان**

**نای ڕێنێ دانەیی تۆپی زەمان**

**ئێمە ڕۆڵەی ڕەنگی سوور و شۆرشین**

**سەیرکە خوێناوییە رابردوومان)**[51]

کەواتە شاعیر ئەگەری مانەوەی پاراستنی زمانی کوردی، بەئەگەری نەتەوەی میللەتی کورد دەبەستێتەوە بەمانەوەکەی کە تۆکمە نیشان دەدات، جگەلەوەش لە دەقەکەدا بێ دوودڵی جەخت لەسەر مانەوەی زمانی کوردی دەکات.

[50] محمد رسول هاوار، دیوانی پیرمێرد،چاخانەی العانی، بەغدا، 1970، ل61.
[51] گیو موکریانی، دیوانی دڵدار، چاپخانەی کوردستان، چاپی یەکەم، هەولێر 1959، ل 22.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.1.22
this is an open access article distributed under the Creative Commons License CC BY 4.0

هەروەها بەهۆی هەڵچوونی سۆزو دەسەڵاتی دەقەوە نەستی سیاسی کوردیش لەناوەوەی خۆیدا زیندوو دەکاتەوە ئەم هەقیقەتەش لەدەسەڵاتی دەقەوە هەڵدەقوڵێت نەشئەیەك بە میللەتی کورد دەبەخشێ ئەم تێروانینە بۆ پاراستنی رەسەنایەتی زمانی کوردیە.

جگەلەوەش لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ئەزموونی دووروودرێژی شێرکۆبێکەس رەگی هۆنراوەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای هەفتاکان، گەرچی ناوبراو یەکێکە لە شاعیرە نوێخوازەهاوچەرخەکانی کورد، ئەزمونی شیعری بەردەوام ئەزموونێکی هەڵکشاوە و خاوەنی زمانێکی پاراوە ، هۆنراوەکانی ناسك و قوڵن و پڕن لە وردە بەفری ڕاستگۆیی و دڵۆپە بارانی ئەشق و رەگی داربەڕووی خۆشەویستی نیشتمان و دارستانی سروشت و دەربڕینی ئاشقانە و سەدان تابلۆی هونەری سەرنجراکێش و جوانکاری شیعری کەبوونەتە جێی تێڕامان و سەرسوڕمان و لەسەر وەستان.

بۆنموونە شێرکۆ بێکەس دەڵێت:

**دڵۆپ دڵۆپ: باران گوڵ ئەنووسێتەوە**

**نمە نمەش چاوانم تۆ!**

**چ ساڵاوێکی نامۆیی وچ ژانێکی بەخشندەیە**

**وا لەسەرخۆ**

**بەرد بە بەردی**

**کێوی سەرم ئەپشکوێنن**

**لق بە لق و چڵ بەچڵی**

**دەست وپەنجەی وشکەڵاتووم**

**شین ئەکەن و وەك یاویلکە**

**ئەمدەن بەدەم بارێزەکەی ئەوینتەوەو**

**لەشەختە بەندانی گیانتا ئەمرسکێنن)**[52]

زمانی شیعری شێرکۆ دەشێت بڵێین زمان و هێزی داهێنانی لەخۆیدا هەڵگرتووە، بۆمان ئاشکرا دەبێت لەم هۆنراوەیەدا لەناو زمانی بەفر و ئاونگ وهێزی خۆیی دەبەخشێتە ئەوین ، لە رێگەی ووشەو، مانا و دەلالەتی خۆی ئاشکرا دەکات، گەورەترین سیفەت لای شاعیر ووشەیە دەبێت بتوانێت کاری خۆی وەکو چەکێکی ئەفوسووناوی ئەنجام بدات چونکە وشە خوڵقێنەری ژیانە لای شاعیر.

هەروەها دیارترین تایبەتمەندی شیعری شێرکۆ لە ( دەربەندی پەپولە)دا دەڵێت:

**من هاتووم بۆ ئەوەی ئەم ئاگرە گەورەیەی**

**ئەوینی نیشتمان لێم بەرێ**

**من لێرە لەناو ئەم، ئەوینە چڕەدا**

**دڵنیام وەك ڕاستی**

[52] شێرکۆ بێکەس، دەربەندی پەپولە، چ1، ناوەندی بڵاوکردنەوەی نیشتمان، سنە ، 1394،ل13.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.1.22
this is an open access article distributed under the Creative Commons License CC BY 4.0

**من لێرە، لەناو ئەم، دەربەندی دووکەڵ و ترسەدا**

**ئاسوودەم وەك سەمای ئازادی.)[53]**

دەشێت بڵێین چەمکی زمان لەبەرامبەریدا وەستاوین بەو مانایە نایەت کە سیستەمی گواستنەوە و گەیاندنی بیروڕاکان بێت بە تەنیا بەڵکو و زمانێك کە وێنەو فەزایەك بۆجیهان دەخوڵقێنێت.

بەڵگە زیاتر لەوەش جیهان ئەخوڵقێنێت چونکە( جیهان)ئەوکاتە لەدایك دەبێت کە دەبێتە وشەی وتراوی مرۆڤ، لێرەوە شیعری شێرکۆ ئەبێتە مێژووی کاملی خەڵقبوونی سیموٚلۆژیای کوردی، چونکە ئەوکاتەی دەربڕین دەلالەتێکی نائاسایی هەبوو پێی دەڵین ئەدەب، ئەمەش دیارە بە مەبەست دێت کەئەشێت ناوی بەرین بەفرە زمانی لەناویەك زماندا یاخود ئەو دابەشوونانەی لەناو یەك زمان روودەدات.

بۆنموونە ئاستی ئەدەبی و غەیرە ئەدەبی زمان و لێرەوە ئەشێت ئاماژە بۆئەوە بکەین، کە ئەدەب فراوانکردنی و بەکارهێنانی تایبەتیەکانی زمانە، بێگومان هەر توێژینەوەیەك لە زمانی ئەدەبی دا وادەکات شتێك بهێنێتە کایەوە.، کە بەشێواز ناسی لە قەڵەم دەدرێت لەم رووەوە ڕەنگە شێرکۆ بە شاعیرێکی( فرە شێواز ) لەقەڵەم بدەین ( دەربەندی پەپولە)بەڵگەی شیعریە، بۆ لێکدانەوەکەمان.

**2-9 ئاوێتەبوونی ئەدەب و میوزیك**

گەرلەئەدەب و میوزیك بروانین، دەبینین هەموو هەست و نەست و جوڵەیەکی ژیانمانی داگیرکردووە، بۆیە هۆی پێشکەوتنی تواناکان لەرووی داهێنان و خوڵقاندنەوە بەرجەستە بووە.

تۆمابوا دەڵێت:

( لەسەردەمی ساسانی دا کورد مۆزیکیێکی هێجگار بەرزیان هەبووە تەنانەت بەمەشەوە ناوەستێ هەر لەمەڕ مۆزیکێکی ئەوکاتەی کورد دەڵێت مۆزیکی کوردی کاری کردۆتە سەر نەتەوەکانی دراوسێشی).[54]

عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ دەڵێت: ئامێری مۆسیقا لە شیعری مەلای جزیری دا هاتووە ، ئەوا باجارێکی تر پەنجە بخەینەوە سەر(چەنگ)و ئەمجارە(ژێ)ی کەمانیش لە شیعری مەلادا ببینین:

گەر شوبهەتێ پەروانە د بەزمی تە چ سەد گر

سەد نالە هەزار ڕەنگی وەکی چەنگ و ژیهێ من

بۆ نیشانەی مۆسیقا و ئاواز وگۆرانی نیشانەیەك لای ئەم دێری شاعیردا ببینین، کەلەئاوازبێژاندا ناوی (موتریب و قەووال)ی تێدا هاتووە:

**بەدەوی پاك چ کەت فەسحەتی مەیدان کو نەبت**

**موستەمیع گۆنە درت موتریب و قەووال چ حەظ.[55]**

یاخود دەڵێت:

(مەلای جزیری لە زۆر شوێنێتری شیعری خۆیدا عەشق و تەسەوفی بەستوە بە مۆسیقاوە بۆ نموونە:

**د بینی نەغمە یا چەنگی ، دەما ئاڤیتە ئاهەنگی**

[53] شێرکۆ بێکەس، دەربەندی پەپولە،ل34.
[54] محمد حەمە باقی، مێژووی مۆزیکی کوردی، چاپی سێیەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، 2009، ل157.
[55] پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسول ، مێژووی ئەدەبی کوردی، ل335.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.1.22
this is an open access article distributed under the Creative Commons License CC BY 4.0

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**ب قانوون وی دخونت مه(لميعاد وميقان)**[56]

لەگەڵ داهێنانی ئەدەبیدا شاعیر لە ڕوانگەی جۆری تێگەیشتنی لەئەرکی شیعرو بەستنەوەی بەپێشاندانی ژیانی واقیعی کۆمەڵگەوە ، واتە نووسین بەگشتی و ئەدەبیش وەك جۆرێکی نووسین جۆرێکە لەبەرپرسیارێتی چونکە نووسین بەو حوکمەی نووسینە بەزمان وئامانجیش لەبەکارهێنانی زمان لەیەکترتێ گەیشتنە،چونکە شاعیر لەبنەڕەتدا دەیەوێت کاریگەری لەسەر نەتەوەکەی هەبێت .

عیزەدین مستەفا ڕەسول دەڵێت:

( خانی لە مەم وزیندا وەك شارەزای گۆرانی دەدوێت وگۆرانی دەکات بە سێ بەشەوە: ئاوازەو شوعبە و مەقام بینین:

شوعبە ژمە قامی دل بێت ب ئاواز

گولگەشت بکەن گوشت و شەهناز)[57]

یاخود دەڵێت: ( خانی مەقامی (ڕەهاوی)بەم جۆرە باس دەکات:

ڕەهواری سەماع کرن ورەهاوی .

لێرەدا شتێك لەئاگاداربوون لەگرانی ئەم مەقامە دیارە، یا ڕەنگە وا لێکبدرێتەوە کەمەقامی (ڕەهاوی) لەگەڵ (سەماع) یا مەقامی (سەماعی)دا تێکەڵکراوە یان لێکدراون).[58]

ئەم وێنانە پێوەندیان بەمۆسیقا و بەرەوپێشچوونەوە هەیە لە(مەم وزین) بەپێی پێرەوی خانی لەشێوەی گرنگی ئەدەبیدا .

**2-10 ئاوازوگۆرانی ڕەسەنی کوردی**

سەرباری هەر ئاستەنگ وگرفتێکی سیاسی ونەتەوەیی دەشێت هەولی ڕاستەقینە بدرێت بۆ بەرەوپێشچوونی ئەدەبیات وهونەری کوردی، جگەلەوەش بەرهەمی هونەری چێژ بەخشەو، فۆرمێکی هاوبەشە، لەنێوان کارە هونەرییەکاندا، هونەری گۆرانی تەرازوی نێوان شێوەو ناوەرۆکە خاوەن (ریتم)ە، بەوردی مامەڵە لەگەڵ وشەو دەنگە ورەنگ و جوڵەدەکات، بۆ ئەوەی وێنەیەکی مانادارو چێژ بەخش بداتە هەستی وەرگر، ئەم فۆرمە لەرێگەی ئەدەبەوە خۆی دەناسێنێت و نزیکایەتی و ئاشنایەتی بۆ زمانی ئەدەبی یەکگرتوو دروست دەکات، لەئەدەبی نوسراوی کوردیدا شاعیران بە نموونەی شیعری باسی ئاواز وگۆرانی کوردییان کردووەوبەسەر بەخۆناویان بردووە، بۆنموونە . مستەفا بەگی کوردی دەڵێت:

( خاوکەرەی خانمە، قەتارەی سەوزەیی نەسمە

ڕەقسی سمکە، نازی شەهراشوب، غەمزەی سەرڕووی ناز)[59]

**پیرەمێرد دەڵێت**

بولبول بە نەغمەی شورو پەهلەوی

قەتاری ڕەشوڵ بە نیوە شەوی

ئەکەوێتە ڕێ بەریزەو قەتار

[56] هەرئەوسەرچاوەیە، ل336.
[57] پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسول ، ئەحمەدی خانی، ل129.
[58] هەرئەو سەرچاوەیە، ل129.
[59] عوسمان شارباژێری ، گەنجینەی گۆارنی کوردی، چاپخانەی الزمان، بەغدا، 1985،ل368.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.1.22
this is an open access article distributed under the Creative Commons License CC BY 4.0

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (5) – العدد (1), حزيران 2021
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

بەسۆزی شمشماڵ بە بەستەو قەتار)[60]

**زێوەردەڵێت**

چوومە قەرەداخ، جوانێ بەقەتار

عەکسی دەنگەکەی دابۆوە)[61]

**حەمدی دەڵێت**

نامەرد موغەنی؟ وەختی مقامقاتە، نەسرەوی

توخوا قەتارێ، بەئەبیاتی مەولەوی)[62]

**گۆران دەڵێت**

( ساتوخوا دەنگ خۆش دەی قەتارەکەت

گوڵەنجە، ڕێ ڕێ هەوری لارەکەت)[63]

**بێکەس دەڵێت**

دڵ زۆر موبتەلای دەنگ و نەغمەتە

توخوا قەتارێ، دڵ بۆی لەت لەتە)[64]

بەو واتایەی شیعر یەکێکە لەو ژانرە گرنگانە، کە فیکرو دیدگاو زمانێکی تێدا دەناسرێت لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، ئەم جۆرە شیعرانە بووەتە مۆرك و پێناسە بۆ گەلی کورد، جگەلەوەش بواری ئاوازو گۆرانی بەشێکن لەرەسەنترین و دێرینی زیندووی نەتەوەکەمان، ئەمەش برەو بەپاراستنی زمان و ئەدەب و ناسنامەمان دەدات، واتە هونەری گۆرانی ئامرازێکە بۆ پێوەندی بەردەوامی نێوان مرۆڤەکان و رۆڵی ماناش لەکاری هونەریدا بەرز رادەگرێ، ئەم فۆرمە هەستی مرۆڤ بەجوانی تێردەکات دەبێتە ئاوێنەی گۆرانکارییەکان لە ئێستاداو سەردەمەکاندا.

### 11-2 ڕۆڵی فاکتەری موزیك و گۆرانی کوردی لەسەر زمانی ئەدەبی یەکگرتوو

هونەری موزیك و گۆرانی بەجۆرێك لە جۆرەکانی رۆچۆتە ناو ناخی مرۆڤایەتیەوە، مۆزیك دەربڕی ژیانی ناخی مر ۆڤە، هونەری مۆزیك و گۆرانی دەبنە خوڵقاندنی هۆشیارانەی حاڵەتێك لە ژیانی مرۆڤایەتی کە بەسوود وەرگرتن لە هۆکارەدیارەکان، یان زمانەکان وشێوەکانی خوڵقێنەری کۆمەڵ، حاڵەتێکی نوێ لە پێوەندی نێوان مرۆڤەکان بەدی دەهێنێت لەبەرئەوە، کاری هونەری بابەتێك یا شتێکی ناباو، بەشێکی جیانەکراوەی کۆمەڵگە بەردەوامی بەخۆی دەدات، جگەلەوەش زمانی مۆزیك داهێنانێکی کۆمەڵایەتییە لەگەڵ هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە پابەندە بەهەستی خواناسی و ئاوێتە بوونیان، ئەمەش دەبێت بەفاکتەرێك بۆ زمانی ئەدەبی یەکگرتوو، ونزیکبوونەوەی لەزارەکانی کوردی لە کوردستانی دابەشکراودا.

هەربۆیە گۆرانی زۆرلە مێژە لەناوماندا باوەو وێردی زاری هونەرمەندانە لەوڵاتی چوارپارچەدا، زوڵاڵ و دەنگی ، لەدڵ بەبەژن و باڵای پەیکەری داپلۆخاوی وڵاتەکەیان هەڵدەدەن، بۆنموونە هونەرمەند عەزیزی شارۆخی پاش گەڕانەوە لەبەندیخانە و

[60] هەرئەو سەرچاوەیە،ل368.
[61] هەرئەوسەرچاوەیە،ل392.
[62] هەرئەوسەرچاوەیە،ل393.
[63] محەمەدی مەلا کەریم، دیوانی گۆران، بەرگی یەکەم،ل151.
[64] عوسمان شارباژێری ، گەنجینەی گۆارنی کوردی، چاپخانەی الزمان، بەغدا، 1985،ل368.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.1.22
this is an open access article distributed under the Creative Commons License CC BY 4.0

ئاگاداربوون لەمەرگی باوك و براكەی ، سەرەتاپای دەبێتە گڕو هەست وسۆز، بۆ دەربڕینی سكاڵای دڵی شكاوی هانا دەێنتە بەر شیعرە بەرزەكەی(رازی تەنیایی)ئەحمەد هەردی:

**لە تەنیایی شەوی ژینا، ئەنێم هەنگاوی كوێرانە!**

**نی یە دەستێ، دەرمبێنێ لەناو ئەم گۆڕە وێرانە**

**نی یە جوانێ و سەری كاسم،. بنێمە سەر دڵی نەرمی!**

**كە هیلاكی لەشم دەركا، خەوی سەرباوەشی گەرمی**

**ئەگێڕم چاوی بێ تینم، بەتاریكی شەودا، سەرسام**

**نی یە پرشنگی دووچاوێ كە رووناكی بكا، رێگام..[65]**

عەزیز شارۆخی دەنگە زوڵاڵەكەی تێكەڵاوی مۆسیقا دەكات كوڵوكۆی پێ دادەمركێنێتەوە، ئەمەش هەستكردنە بە زوڵم و زۆری داگیركەران دەرهەق بەنەتەوەكەی، ئەم تێهەڵكێشە بوونەی ئەدەبیاتی باشوور وسەرچاوەی خوڵقاندن و دەربڕین و وەرگرتنە لە پێكهاتەی زمان بەئاوازگوتندا، پەیوەست بوون بە زمان دیاردەیەك زیندووە لە ژیانی گەلەكەماندا، بەجۆرێك دەبێت بەپاڵنەری سەرەكی بۆتەقاندنەوەی زمانی ئەدەبی یەكگرتوو، بەپێچەوانەشەوە هەدروستە كە هونەری گۆرانی و مۆزیك و شیعری شاعیرانی كوردستانی رۆژهەڵات ئاوێتەی كوردستانی باشوور بووە، بۆنموونە شیعرەكانی هێمن و هەژارو سەیدی هەورامی، ئەمەش لە ڕوانگەی مێژووییەوە لەسەر بنەمای پێشكەوتن وگەشەكردن وبەردەوامی نراوە، ئەم ڕوانگەیە قۆناغەكانی مێژوویان دیاردە كۆمەڵایەتی وفەرهەنگییەكان لەدرێژەی یەكدا دێن و تەواوكەری یەكن، چارەنووسیان پێكەوە گرێ دراو ئەم ڕوانگەیە زۆرحاڵەت هاوبەش وێكچووكان زەق دەكاتەوە هەوڵدەدات نیشانی بدات لە هەربوارێكدا پێشكەوتن چۆن هەنگاوی بەدی دێت، دیاردەو رووداوە بەرهەكانی چۆن دەست پێدەكەن ولەپزدانی یەكەوە دەرێنەوە وچۆن هیوری ئارامی تەواوكەری یەكن، ئەمەش دەبێت بەپەیامێكی نەتەوەیی پیرۆز بۆ پاراستنی مێژوو وكلتورو زمانی ئەدەبی نەتەوەیەكی دابشكراو.

گومان لەوەدا نامێنی كە هونەرمەندان و دەنگخۆشانی خۆمان قۆناغ بەقۆناغ لە ئاستی جیاجیا دا لەڕووی سایكۆلۆژییەوە رۆلێكی مەزن و كەم وێنە یان هەبووە و دەبێ لەبەرجەستەكردن وبونیاتنانی مەودای یەكپارچەیی خۆشەویستی و نزیكبوونەوە لەناخی یەكتر وەك یەك نەتەوە و هاونیشتمانی یەك ووڵات، هەربۆیە مامۆستاعەلی مەردان وخالقی و عەزیزشارۆخی و حەسەن جەزراوی و مریم خان و حەسەن زیرەك ورەسول گەردی و محەمەد شێخۆ ،حەمە ساڵح دیلان وقادر كابان وكەریم كابان وحەمەجەزاوناسری ڕەزازی... تاد، ئەم هونەرمەندانە خاوەن ئەزموونانە لە پانتایی مێژووی چێژ و گۆشكردنی زمانی كوردیدا جەماوەرێكی پان و بەرینیان لەدەوری ستران و ئاوازی كوردیدا كۆكردۆتەوە ، ئەم حاڵەتەش زیاتر دەروازی بەرفراوانی لەبەردەم ئەم هونەرمەندانە دا واڵاكردووە، هەمووخەڵكی كوردستان بەهونەرەكەیان ئاشنابووە، ئەمەش مایەی بنیاتنانی نیشتمان و نەتەوەیەكی ئازادە بۆئایندەو سەرچاوەیەكی یەكگرتووە بۆ نەوەكانی میللەتەكەمان.

هەرلێرەوە هونەرمەندی عەدنان كەریم بەدەنگە زوڵاڵە وئاوازەكەی ئەم شیعرەی مامۆستا هێمن دەڕازێنێتەوە:

**پەیامی ڕانەگەیەندراو**

**پەیامی من بەگوێی ئەم دڵبەرە نازدارڕاناگا**

**نەسیم بێ سیم دەبینی، شل دەبێ، بەم كارە ڕاناگا**

**گوتی سەبرت هەبێ دووبارە دێمەوە دیتنت ئەمما**

**لەكورتیدا تەمەن،وادیارە بەودیدارە ڕاناگا**

[65] ئەحمەد هەردی، رازی تەنیایی، چخانەی زانكۆی سەلاحە دین، هەولێر،1984، ل79.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.1.22

this is an open access article distributed under the Creative Commons License CC BY 4.0

وەکو پەروان دەوری لێ دەدەن لاوانی خۆو وڵاتی

گوڵی ئێرە بەژوانی بولبولی ئاوارە ڕاناگا

نەخۆشی ودەردەدار دڵ بریندارم، پەرستارێك

بەحاڵی ئەم دڵە پڕ ژان و پڕ ئازارە ڕاناگا

دەکەم ماچی دەم و ولێوان ئەگەر هێزو گورێکت بێ

دەناجوانێك بەدەرئاشقی بێ چارە ڕاناگا

هەتا کۆمتر دەبێ پشتم پتر هەڵدەکشێ مینی ژۆپ

ئیتر دەستم بەداوێنی کچی ئەم شارە ڕاناگا

دەبێ بولبول لەمن فێربێ غەزل خوێنی، بەڵام چ بکەم

گرفتارم، چریکەم بەو گوڵ و گوڵزارە ڕاناگا.)[66]

لێرەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە هونەرمەندان ڕۆڵ و کاریگەرییان گێراوە لەپاراستنی شوناسی نەتەوەکەمان، ئەو خەمەی لەناخیاندا گینگڵی دەدا لە چریکەی ئاوازێکدا دەیانخوڵقاند و کەنەفتیان بەڕایەڵی میلۆدییەکەوە دەبەستەوە، سۆزی زمان و هونەرو ئەدەبیات و خۆشەویستی نیشتمان بوونە دوانەیەك لە ڕۆحی هونەری هونەرمەندان جیانەبووەوە، بەئەندازەی کورتە خەوێك بۆ مێژوو بگەڕێینەوە، جەستەی دابەشکراوی وڵاتێك لەم دنیایەدا دەبینین کە ئارامی بەخۆوە نەبینیوە، بۆیە ئەگەرئاوڕ لە ڕابردووی نەتەوەی کورد بدرێتەوە بەشی هەرەزۆری تەمەنی بەکارەساتدا تێپەڕیوە هونەرو ئەدەبیاتیش لەم غەدرە پشکی شێری بەرکەوتووە، هەستکردن بەم ئاڵۆزییە وای لە هونەرمەندان کردووە هێندەی تر لەبیری نیشتمان وزمان وئەدەبدا بن.

**ئەنجام**

لە ئەنجامی تاووتوێ کردنی ئەم توێژینەوەیە دا، ئەم ئەنجامانەی خوارەوەمان لەلا گەڵاڵە بوو.

١ - هەبوونی دیالێکتێک لە کوردستان پێویستییەکی هەنووکەییە، کەم تەرخەمی لەم بوارەدا بەرژەوەندی نەتەوەیی دەخاتە مەترسییەوە.

٢ - دیالێکت بە مانای سەروەریی و شانازی شێوە دیالێکتێک بەسەر دیالێکتێکی تردا نییە، بەڵکو مێژووی ئەدەبی کوردی ئەو ڕاستییەی سەلماندووە کە بە پێی بارودۆخی سەردەم، هەرجار یەکێک لە شێوە دیالێکتەکانی کوردی وەک زمانی ستاندارد، لەلایەن بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی کوردستان کەڵکی لێوەرگیراوە لە ڕەوتی مێژووی خۆیدا خزمەتی پێکراوە.

٣ - ئەدەبی هەورامی بۆ ماوەیەکی دوروودرێژ لە زۆربەی بەشەکانی کوردستانی باشوورو ڕۆژهەڵات، وەک ئەدەبی سەردەست چاوی لێکراوەو زۆرێک لە زانایانی کورستان، لە ڕێگەی دیالێکتی هەوراامییەوە خزمەتی گەلی کوردیان کردووە.

٤ – لە توانایی گۆڕانی زمان کەڵک وەرگرین و پێوەندی لە نێوان دیالێکتەکانی زماندا فراوان بکەین تا دیالێکتەکان لەیەکتر نزیک بن.

٥ - دیالێکتەکانی زمانی کوردی لەبەر گۆڕانی زمان و یان کەمبوونی پێوەندی لە نێوانیاندا بەرەو جیاوازی چووەو ئێستا لەیەکتر تێناگەن.

[66] هیمنی موکریانی، سەرجەم و کۆی شیعر وپەخشان، انتشاراتی کردستان ، سنە ، 1395، ل191.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.1.22
this is an open access article distributed under the Creative Commons License CC BY 4.0

٦-هونەری گۆرانی و میوزیك رۆچوونە بەناخی مرۆڤدا، ئەندێشەی مرۆڤی کوردیان وروژاندووە، زیاتر لەیەکتری نزیککردوونەتەوە، ئەمەش فاکتەرێکی بەهێزە بۆزمانی ئەدەبی یەکگرتوو لە کوردستاندا.

٧-زمانی شیعری لای شاعیران فاکتەرە بۆ زمانی ئەدەبی یەکگرتوو، چونکە زمەن لای شاعیر دەبێت بەئێستا ،کە ئایندەیە.

٨- هەژموونی شیعری میرنیشینی بۆتان و بابان وئەردەڵان ، دەبێتە فاکتەر بۆزمانی ئەدەبی یەکگرتوو.

**پێشنیار**

١- ڤگەلی کورد بەدرێژایی مێژوو زمانی ئەدەبی هەبووە، ئەم زمانە ئەدەبییەش جۆرێك بوو لە زمانی نوسینی شیعری، بەنموونە لەسەردەمی میرنیشینی باباندا شێوەی کوردی ناوەراست شێوەی نووسین و ئەدەبیات بووە، نەخشی زمانی فەرمی کوردستانی بینیوە.

٢- هەوڵی بەزمانی نەتەوەیی نووسینی کوردی ، بەرجەستەی کۆنترین دەقی کوردی بکەین، کە دەگەڕێتەوە بۆ دوو بەیتەکانی باباتاهیری هەمەدانی(935- 1010)جگەلەوەش لەسەردەمی نۆزدەهەمەوە بەبێپچران کورد بەزمانی خۆی ئەدەب و مێژووی خۆی نووسیوەتەوە، زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی ئەو رۆڵە گرنگەی هەبیووە سنوری هەرێم و دیالێکتەکانی بڕیوە بەناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا بڵاو بۆتەوە.

٣- کوردی ناوەراست ئەو زمانە ئەدەبییەیە، کە بەجۆرێکی سروشتی لەگەڵ گەشەکردنی ژیانی فیکری وکلتوری و سیاسی کورددا دەرکەوتووە، گەشەی کردووەوبەکردەوەش لەباشوری رۆژهەڵاتی کوردستاندا رۆڵی زمانی ستانداردی بینیوە ودەیبینێت، بۆیە مرۆڤ بەدڵنیاییەوە دەتوانێت بڵێت زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی بەرهەمی خەباتی سیاسی روناکبیری دووسەد ساڵەی کوردەو پوختەی ئەزموونی نەتەوەیی و مێژووی کورد لەو زمانەدا قاڵ بوونەتەوە.

٤- ئەمرۆ ئاستی ئەدەبی فیکری زانستی سیاسی و کلتوری کورد پێش هەر شتێك لە زمانە ئەدەبیەکەیدا ولەئاستی زمانە ئەدەبیەکەیدا خۆیان دەردەخەن.

**لیستی سەرچاوەکان**

١- ئەحمەد هەردی، رازی تەنیایی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، 1984د.
٢- ار.ال،تراسک (تحویل زبان) ترجمەی ارسلان گلنام. انتشارات دانشگاه تهران، ١٣٨٢،
٣- اسماعیل بێشکچی، کوردستان، کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتی، وەرگێرانی حەمە ڕەشید، سلێمانی، ٢٠٠٢،
٤- بابا شێخ حسینی، بردانش هاشمی، زبانشناسی، نشرژیار سنندج ١٣٨٣،
٥- پیروز مجتهدزاده،جغرافیای سیاسی و سیاسەت جغرافیایی، انتیشارات سمت تهران، ١٣٨١،
٦- حافظ نیا، محمد رضا، مفهوم و تعریف میلت ١٣٨٨ جزوه کلاسی، دانیشگا تربیت مدرس تهران .

٧-رەهبەر محمود زادە، ئافاتی شیعری نالی، چاپی یەکەم، چاپخانەی مازیار، سنە، 1399.

٨- ڕەفیق سابیر، ستاندارد کردنی زمان و ئەلف و بێی کوردی، دەستگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ،٢٠٠٨،
٩- ڕەفیق شوانی ،زمانەوانی ، کۆمەڵێک وتار ، دەزگای موکریان، هەولێر ٢٠٠٩،
١٠- د.الزاوی بغورة,فلسفة, اللغة والنقد ( المنفطف اللغة في الفلسفة), الطبعة الاولى, دار الطليعة للطباعة و النشر, مطبعة دار الكتب, بيروت, 2005.
١١- سەردار حەمیدمیران، و. کەریم مستەفا شارەزا، دیوانی حاجی قادری کۆیی، پێداچوونەوەی: مامۆستا مەسعود محەمەد، سنە، 2707.
١٢- سەلام ناو خۆش، ستاندەر بوونی زمانی کوردی لە نێوان زمانی سیاسەت و سیاسەتی زمان، چاپخانەی منارە،هەولێر، ٢٠١٠،

١٣- شێرکۆ بێکەس، دەربەندی پەپولە، چاپی یەکەم، ناوەندی بڵاوکردنەی نیشتمان، سنە، 1394.
١٤- عوسمان شارباژێری، گەنجینەی گۆرانی کوردی، چاپخانەی (الزمان)، بەغدا، 1985.
١٥- د.عیزەدین مستەفا ڕەسول ، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، سلێمانی، 2012.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.1.22
this is an open access article distributed under the Creative Commons License CC BY 4.0

المجلد (5) – العدد (1), حزيران 2021
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

١٦- د.عیزەدین مستەفا ڕەسول، ئەحمەدی خانێ ، شاعیرو بیرمەندو فەیلسوف وسۆفی، سلێمانی،2008.
١٧- د.عیزەدین مستەفات ڕەسول، مەلای جزیری ، چاپخانەی دار الحکمە، هەولێر، 1990.
١٨- فاتمەبهفروز، زمینەهای غالب در جغرافیای انسانی، انتشارات دانیشگاه تهران، تهران ١٣٧٤،
١٩- فریدریش هۆڵدەرلین،نانو شەراب،و. دلاوەر قەرەداغی،چاپی یەکەم، ناوەندی غەزەلنووس، سلێمانی، ٢٠٢٠،
٢٠- فوئاد حمه خورشید، زمانی کوردی و دیالێکتەکانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،٢٠٠٨،
٢١- فەرهاد شاکەلی، زمانی کوردی، لە ئاستانەی سەردەمێکی تازەدا، دەزگای چاپ و پەخشی ئاراس، هەولێر، ٢٠١١،
٢٢- کامل عمر، زمانی ستانداردی کوردی، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، 2017.
٢٣- گیوموکریانی، دیوانی دڵدار، چاپخانەی کوردستان، هەولێر،1959.
٢٤- محەمەد حەمە باقی، مێژووی موزیکی کوردی، چاپخانەی هێڤی، چ3، هەولێر، 2009.
٢٥- محەمەد مەلا کەرلایم، دیوانی گۆران، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کۆری زانیاری عێراق، بەغدا، 1980.
٢٦- محەمەد رسول هاوار، دیوانی پێرەمێرد، چاپخانەی العانی، بەغدا، 1970.
٢٧- مەلا عەبدولکەریم مودەریس، فاتیح عەبدولکەریم، چاپ دووهەم، انیشاراتی کوردستان، سنندج،1379.
٢٨- هەژار دیوانی مەلای جزیری ، چاپ اول، تهران، 1393.
٢٩- هێمن موکریانی، سەرجەم وکۆی شیعرو پەخشان، انتشارات کردستان، سنه، 1395.

**گۆڤار**

١- گۆڤاری زرێبار، زمانی کوردی فەرهەنگ نووسی، ژمارە،٧٧،٧٨ ، ساڵ ١٣٩١ ،
٢- گۆڤاری هایا، وەرز نامەی فەرهەنگی ئەدەبی، ساڵی یەکەم، ژمارە،٢ ، ٣ ، ١٣٩١ هەتاوی ،


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/5.1.22
this is an open access article distributed under the Creative Commons License CC BY 4.0